# ئاکریلیک

## شێوازو تەکنیک

### خاڵەکان، پێشنیازەکان، تەکنیکەکان

(١)



هەواڵنامەی کتێب

ناوی نووسەر: ئالۆن ماسترۆ و هاوکارانی

وەرگێرانی بۆ فارسی: ئە. ئەرجومەند کرمانی

و. بۆ کوردی: ستار کەریم

پێداچوونەوەی: حەمیدە یوسفی

لە بڵاوکراوەکانی 7 رەنگە

لەسەر ئەرکی

بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر – سلێمانی

چاپکراوە

## دانان و چاپکردنی لە بەریتانیا:

**Winsor & Newton**
**Whitefriars Avenue, Harrow,**
**Middlesex Harrow, HA3 5RH, England**

وینزور و نیوتن کاری ڕەنگسازی خۆیان لەساڵی ١٨٣٢ دەستپێکردووەو یەکەمین ڕەنگەکانی ئاکریلیکی خۆیان لەدەیەی ٧٠ی زایینی خستۆتە بازاڕەوە. هەتائێستا بەهۆی ئاستی زۆر باڵای بەرهەمەکانیان، بە بەردەوامی لەحاڵەتی فراوانبوون و زیاتر بوون لەسەرتاسەری جیهاندا.

ئەم پەرتووکە بەمەبەستی ئاشنابوونی زیاتری هەموو هونەرمەندانە لەهەر ئاستێک بەڕەنگی ئاکریلیک و تایبەتمەندییەکانی جۆرەکانیان، مەدیومەکان، ڤێرنییەکان، بابەتی سوود لێوەرگیراوە یان هەر داواکارییەکی کە بۆ سوودوەرگرتنی باشترین حاڵەت و پڕترین لەم مەدیومە بێوێنەیە بەپێویست دادەنرێ بۆ ئامادەکردنیان.

هیوادارم لەوەرگێڕانی ئەم پەرتووکە پڕ بەهایەدا، خزمەتێکی باشی هونەری شێوەکاریمان کردبێ بۆ ئارەزوومەندانی ئەم هونەرە.

هەواڵنامەی کتێب





## پێڕست


بەرایی.................................................................................................٤
جۆرەکانی ئاکریلیک...........................................................................٥
کارکردن بە ڕەنگ ..........................................................................١٣
مێدیۆمەکانی ئاکریلیک......................................................................٢٠
فڵچە..................................................................................................٢٨
شێوازەکانی بەکارهێنانی ئاکریلیک.........................................................٣٧


هەواڵنامەی کتێب


## بەرایی:

رەنگی ئاکریلیک بۆ یەکەم جار لە شەستەکاندا سوودی لێ وەرگیرا، و هەنوکەش بەلای زۆربەی هونەرمەندانەوە وەک یەکێک لە گرنگترین داهێنانەکان لە تێکنۆلۆژیای رەنگدا، برەویان هەیە. رەنگە ئاکریلیکییەکان لە پیگمێنت ( خانەی رەنگی) و بایندەر دروستکراون و پاش ویشک بوونەوە ، تویژێکی رەنگی ساف و روون دروست دەکەن. ئەم تویژە روونە، کە رووناکی لە خودی پیگمێنتەوە وەردەگرێت و بڵاوی دەکاتەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی رەنگی ئاکریلیک درەوشانەوەیەکی تایبەتی هەبێت.

رەنگی ئاکریلیک لای هونەرمەندان زۆر پەسەندە، کە ئەمەش تا رادەیەکی زۆر دەگەرێتەوە بۆ توانستی هەمەچەشنەی ئەم رەنگە. ئاکریلیک لەبەر هەندێک تایبەتمەندی وەک : خێرا ویشک بوونەوە، درەوشانەوە و گیرانەوە بە ئاو هەمیشە جێگای سەرنج بووە. ئەم رەنگانە دەکرێت هەم بە تێکنیکی رەنگی ئاوی و هەم بە تێکنیکی رەنگی رۆنی بەکار بێن .

نیگارکێشەکانی گشت جیهان، ماوەیەکی دورودرێژە بە دڵنیاییەوە، رەنگی رۆنی و رەنگی ئاوی وینزۆر و نیۆتن بەکار دێنن. پاش بەرنامەیەکی بەرینی تویژینەوە، لەسەر داوای نیگارکێشان، لە سەرەتای هەفتاکاندا؛ وینزۆر و نیۆتن (Winsor & Newton) پسپۆریی خۆیان لە بواری دروستکردنی رەنگ، لەگەڵ تێکنۆلۆژی سەردەم تێکەڵ کرد و یەکەم کۆمەڵە رەنگە ئاکریلیکیەکانیان خستە بازارەوە. وێرای زۆربوونی بەکارهێنانی ئاکریلیک لەم ساڵانەی دواییدا، جۆراجۆری رەنگ، مێدیۆم، فڵچە، کاغەز و تەنانەت پالێتی تایبەتی وێنەکێشانیش ، زۆر بووە.

ئەم پەرتووکە تێبینی و زانیاری زۆری تیایە، کە بۆ سەرکەوتنی بەردەوام لە وێنەکێشان بە ئاکریلیک پێویستیتان پیی دەبێت. بۆ ئەو کەسانەی تازە دەستیان بە ئیشی هونەری کردووە، بنەمایەکە بۆ سەرکەوتنی خێرا و بۆ هونەرمەندانی شارەزاش، هۆکارێکە بۆ ئەزموونی کەرەستەی نوێ.







## جۆرەکانی ئاکریلیك:

ئەگەر بە ڕەنگی ئاکریلیک وێنە دەکێشیت، دڵنیا بە کە ڕەنگەکان و کەرەستەکانیتری نیگارکێشان(بە کوالیتەی بەرزەوە) کە کۆمپانیای وینزۆر و نیۆتن بەرهەمی دەهێنیت ئەوەندە بەربڵاو و دەوڵەمەندە، کە دەتوانێت هەموو پێداویستییەکانت دابین بکات. کۆمپانیای وینزۆر و نیۆتن تا ئێستا سێ جۆری ڕەنگی ئاکریلیکی بەرهەم هێناوە:

١- ڕەنگی ئاکریلیکی فینیتی ئارتیست. ٢- ڕەنگی ئاکریلیکی فینیتی کۆنستانتریێ. ٣- ڕەنگی ئاکریلیکی گالێریا.



## ڕەنگی ئاکریلیکی فینیتی ئارتیست:

ڕەنگی فینیتی ئارتیست وا دیزاین و بەرهەم هاتووە کە وەک باشترین جۆری ڕەنگی ئاکریلیک بناسرێت، تێکڕای ئەو ٧٤ ڕەنگەی لەو بەرهەمەدان، وایان کردووە ڕەنگی فینیتی ئارتیست بە هەندێک تایبەتمەندی وەک : بازنەیەکی دەوڵەمەندی ڕەنگی - نەگۆڕی ڕەنگ- بریقە و درەوشانەوەی زۆر - تیر وتەسەلی ڕەنگ، لەگەڵ توانستی داپۆشینی ڕووبەر و بڵاوبوونەوەی ڕەنگ ، لای هەمووان بناسرێت. بۆ بەرهەم هێنانی ئەو ٧٤ ڕەنگە، ٧٣ جۆری پیگمێنت (خانەی ڕەنگی) جیاواز بەکارهاتووە کە ئەوانیش بۆخۆیان پێکهاتەی ڕوناکتر و یەکدەست تر دروست دەکەن .

فۆرمۆلاسیۆنی دروستکردنی ئەو بەرهەمە بە شێوازێکە کە ڕەنگەکە خەستییەکی مامناوەند وەک زوبدە (کەرە)ی هەبێت و هەروەها شوێنی جولەی فڵچەکە دیار دەکەوێت. ئەم جۆرە ئاکریلیکە لە بەراورد لەگەڵ ئەوانی دی تا ڕادەیەک درەنگتر و یەکدەست تر ویشک دەبێتەوە و لە کۆتاییدا پێوەنووسانی کەمە و لە پاش ویشکبوونەوە زۆر کەم ڕەنگی دەبزرکێت.

ئەم جۆرە رەنگە لەسەر پالێتی رەنگ بۆ ماوەیەکی زیاتر بەرگە دەگرێت، هەر بۆیە بۆ ماوەیەکی درێژتر دەکرێت لەسەر بوم سوودی لێوەربگیرێت.

رەنگی ئاکریلیکی فینیتی ئارتیست بۆ مەبەستی جیاجیا بەکاردێت کە ئەم تایبەتمەندییە بە یارمەتی مێدیۆم و جێلی تێکسچێر، بەربلاوتر دەبێت. رەنگەکانی فینیتی ئارتیست وەک جۆرەکانیتری ئاکریلیک تا ئەو کاتەی تەڕن ، دەکرێت لەگەڵ ئاو تێکەڵ بن، بەڵام دووای ویشکبوونەوە چیتر لە ئاودا ناتووێنەوە.

## فینیتی کۆنستانتریٚ:

هەروەک پێشتر باسمان کرد، زۆربەی هونەرمەندانی نیگارکێش بازنەی رەنگەکانی فینیتی ئارتیستیان پێ باشترینە. دووای ئەوەی کۆمپانیای وینزۆر و نیۆتن بە سەرکەوتوویی رەنگی فینیتی ئارتیستی خستە روو، ئەمجارە بەرهەمێکیتری بە ناوی «فینیتی کۆنستانتریٚ» دروستکرد، ئەم رەنگە نوێیە لە بەراورد لەگەڵ رەنگە کۆنەکانی ئاکریلیک، شلترن (کە بۆ بەکارهێنانی راستەوخۆ گونجاوترە واتە بێ ئەوەی لەگەڵ ئاو تێکەڵ بکرێن) و لە رووی کوالیتەی پیگمێنتەوە (خانە رەنگییەکان) هەر وەک رەنگە کۆنەکان وان. ئەم رەنگە ئاکریلیکە نوێیە لەبەر ئەوەی شلترە، بۆ مەبەستی جۆراجۆر چ لە وێنەکێشان و چ لە بوواری ئیشی دەستی دا گونجاوە. بازنەی ئەو بەرهەمە بریتییە لە ٥٠ رەنگی گەش کە بۆ بەکارهێنان و هەڵگرتنی ئاسانیان لە قوتویەکی ٥٠ میلی لیتری نیمچە روون دا پێشکەش کراون.




هەوالنامەی کتێب



## تایبەتمەندییەکان:

ئەم جۆرە  رەنگە گشت تاینەتمەندییەکانی رەنگی ئاکریلیک فینیتی تێدایە، لەوانە: بریقە و درەوشانەوە، رادەی کەمی گۆڕینی رەنگ پاش ویشکبوونەوە، نەگۆڕی پیگمێنت (خانەی رەنگی) و هەروەها مانەوەی زۆر. جگە لەوانە، ئەم رەنگە تایبەتمەندیی نوێ و بێ وێنەی تریشی هەیە؛ لەبەر ئەوەی پێوەنووسانی کەمە، بۆ دروستکردنی توێژێکی ساف و یەکدەستی رەنگی، زۆر گونجاوە و هەروەها شوێنی فڵچەکە پاش ویشکبوونەوە دیار نابێت. ئەم رەنگە بە هۆی ئەوەی داپۆشینەرە و بۆ وەدەرخستنی سنووری نیگارەکان گونجاوە و دەکرێت روبەرە گەورەکانی ناو وێنەکەی بە خێرایی پێ دابپۆشی. ئەم رەنگە توێژێکی تەنکتر دروست دەکات و خێراتر ویشک دەبێتەوە، بۆیە ئەو توواناییە بە ئێوە دەدات کە لە ماوەیەکی کورتتر، بەسەر رەنگەکانی بنەوەدا، وێنە بکێشنەوە. رەنگەکانی فینیتی کۆنستانتریێ دەکرێت بۆسەر رووبەری جیاواز وەک : بوم(کەنڤاس)، کاغەز، قوماش، پێستە، سووالەت و تەنانەت خشت و کەرپوچ بەکار بێن.

ئەم رەنگانە  بەو تایبەتمەندییە نوێ و بەو ستانداردە بەرزەی کە هەیانە، لە رووی نەگۆڕی پیگمێنت و پێکهاتەی رەنگ، کووالیتەیەکی بەرزیان هەیە.

## گالێریا:

رەنگەکانی گالێریا (بە فۆرمۆلاسیۆنی شل)، بریتین لە کۆمەڵێک رەنگی ئاکریلیک بە کووالیتەی بەرز و قەبارەی گەورە کە نرخیشیان زۆر گران نییە. لەم رەنگانە دا وردبیینیەکی زۆر کراوە،



تاوەکو ٤٠ رەنگ بە تێر و تەسەلیەکی رەنگیی گونجاو و خەستییەکی مامناوەند و یەکدەست بەرهەم بهێنرێت کە پاش بەکارهێنان شوێنی فڵچەکە دیاردەبێت. هەموو رەنگەکانی گالێریا دەشێت لەگەڵ رەنگەکانیتری ئاکریلیک (فینیتی و فینیتی کۆنستانتریٚ) و گشت مێدیۆمەکانیان، بەکار بێن و هەروەها ئەگەر پێویست بوو دەکرێت بە ئاو شل بکرێنەوە.

ئەم رەنگانە دەکرێ لە زۆر حاڵەتی جیاواز و لەسەر هەموو جۆرە رووبەرێک بە کار بێن، بەڵام واباشترە لەسەر رووبەری بریقەدار و چەور وەک: شوشە، کانزای بێ زەخەرە( بێ ئاستەر) یان ئەو رووبەرانەی بە رەنگی رۆنی داپۆشراون، بەکار نەهێندرێت. وەک هەموو جۆرەکانی تری ئاکریلیک، دووای تەواوبوونی ئیشەکە، خێرا پالێت و کەلوپەلەکانی خۆت بە ئاو بشۆرەوە.

## مانەوەی رەنگ ( جێگیری رەنگ):

زۆربەی هونەرمەندان پێان خۆشە لەوە دڵنیا بن کە ئەو رەنگانەی بەکاری دێنن، نابزرکێن و وەک خۆیان دەمێننەوە. هەموو رەنگەکانی وینزۆر و نیۆتن کە بە ناوی AA یان A ریزبەندی کراون، بە ناوی رەنگە نەگۆڕەکان بە نیگارکێشەکان ناسێنراون. پلەبەندی نەگۆڕیی ئەو رەنگانە لەسەر لەزگەی بەرهەمەکان و خشتەکانی رەنگیی کۆمپانیا تۆمار کراوە. بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر سەبارەت بە پێکهاتە و مانەوەی پیگمێنتەکان سەرنجی پەرتووکی « کەلوپەلناسی بەرهەمهێنانی رەنگ» بدەن کە هەر لەم زنجیرە کتێبانەیە.

## فرەوانی رەنگەکان و پێکهاتەکانیان:

لە ماوەی چل ساڵی یەکەمی بەرهەمهێنانی ئاکریلیک دا، بە هۆی گەشە و پەرەپێدانی بەردەوام بەو رەنگانە، شێوەکاران توانیان بەرهەمگەلێکی زۆر بئافرێنن. لەبەر ئەوەی تێکنیکی



بەکارهێنانی و سوود وەرگرتن لەپتەوی زۆر پەرەی سەندووە؛ ژمارەی پیگمێنتە نوێیەکانیش لەوماوەیەدا زۆرتر بوون. کووالیتەی ئەو رەنگە ئاکریلیکانەی کە ئێستا لەبەردەستی هونەرمەندان دایە، لە رابردوو زۆر باشترە.



## تێکڵاوکردنی جۆرەکانی رەنگی ئاکریلیك:

رەنگی فینیتی و گالێریا بێ هیچ کێشەیەک دەتوانرێت لەگەڵ یەک تێکەڵ بکرێت، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە ئەو رەنگە جیاوازانەی باسمان کرد، هەندێ جار بەیەکەوە نەگونجێن، بۆیە واباشترە سەرەتا برێکی کەم پێکەوە تێکەڵ بکەین؛ لەبەر ئەوەی لە کاتی تێکەڵ کردنیان هەر کێشەیەک هەبێت، خێرا لەسەر پالێتەکە دەردەکەوێت.

## رووبەرەکانی وێنەکێشان:



گرینگترین فاکتەر لەبەکارهێنانی ئاکریلیک دا، ئەو رووبەرەیە وا وێنەی لەسەر دەکێشینەوە. رووبەرێکی گونجاو؛ دەرفەتی بەکارهێنانی تێکنیک و کەرەستەی جیاوازمان بۆ دەرەخسێنیت. تێکسچێر(ئاژوساو) و توانای هەڵمژینی رووبەرەکە، کاریگەری لەسەر ئاستی پێوەنووسانی رەنگەکە دەبێت و دەبێتە هۆی کارئاسانی لەبەکارهێنانی رەنگ و هەروەها مانەوەی زۆری وێنەکە.

**کەنڤاسی قوماش:** برەوترین جۆری رووبەر بۆ وێنەکێشانی ئاکریلیک؛ قوماشە، کە لە چوارچێوەیەک دراوە. قوماش ئاژوساوێکی (تێکسچێر) تایبەتی هەیە و حاڵەتی نەرمی و ئێلێستیتەی هەیە، هەر بۆیەش لە شێوەکاریدا زۆر باوە. کەنڤاسی قوماش دوو جۆرن: ئامادەکراو، ئامادەنەکراو. ئەو نیگارکێشانەی حەزدەکەن بە رەنگی بریسکەدار و تۆخ (پررەنگ) لەسەر کەنڤاسی ئامادەنەکراو ئیش بکەن، بە دوو هۆکار رەنگی ئاکریلیک بۆ ئەوان گونجاوە: یەکەم ئەوەی رەنگە ئاکریلیکیەکان خۆیان لە بنەڕەتدا بریسکەدارن ، چوون بایندەرەکانیان بە شێوەی روون ویشک دەبنەوە، دووهەم لەبەر ئەوەی خانەکانی رەنگی ئاکریلیک لە خانەکانی رەنگی رۆنی گەورەترن و وەک رەنگی رۆنی رۆناچنە ناو تان و پۆی قوماشەکە، جا لەبەر ئەمە، ئێوە دەتوانن راستەوخۆ و بێ ئەوەی ئاستەر(زەخەرە) لە قوماشەکە بدەن، بە ئاکریلیک ئیشی لەسەر بکەن لە لایەکیترەوە ئەو کەنڤاسانەی لەبازارا لەبەردەستن، ئامادەکراون. لە هەر دووحالەتدا ئەگەر دەتانەوێت تێکنیکە کارییەکانتان زۆرتر بمێنێتەوە، ئێمە کەنڤاسی جۆری وینزۆر و نیۆتن و –Reevesتان پێ پێشنیار دەکەین. هەموو کەنڤاسەکانی

وینزۆر و نیۆتن بە پرایمەری ئاکریلیک رووپۆش کراون و دەشێت بە رەنگی ئاکریلیک ، گشت رەنگە رۆنیە باوەکان، رەنگی رۆنی ئارتیزان (کەلەگەڵ ئاو دەگیرێتەوە ) و رەنگی گریفین ئالکید کاریسن لەسەر بکرێت.

هەنوکە کەنڤاسەکانی وینزۆر و نیۆتن بەم جۆرانەی خوارێ پێشکەش دەکرێن:

**١- کەنڤاسی قوماشی وینزۆر- ئارتیست:** ئەم کەنڤاسانە بە کوالیتەی بەرز و بەدەست دروستکراون و ئەو قوماشەی بەکارهاتووە لە باشترین جۆری قوماشن و ئاژوساوێکی (تێکسچێر) مامناوەندیان هەیە. قوماشەکە بەتەواوی کەتانە (پەمۆ) و دوو توێژی کەتیرە لێدراوە تاوەکو بۆ هەڵمژینی ئاکریلیک، رەنگی رۆنی ئاسایی و هەروەها ئارتیزان گونجاو بن. ئەم کەنڤاسانە لە ناو کاوەری نایلۆنی دان.

**٢- کەنڤاسی قوماشی وینزۆر- یۆنیووێرسال:** ئەم کەنڤاسە کەتانییە، ئاژوساوێکی (تێکسچێر) مامناوەندی هەیە، کوالیتەی زۆر بەرزە و دوو توێژ کەتیرەی لێدراوە. ئەو پرۆسەیە ئاستێکی شیاوی توانای هەڵمژین و زبریی دروستدەکات هەتا رەنگەکە بێ رۆچوون لە قوماشەکەوە، بە رووبەرەکەیەوە بنووسێت.

ئەم کەنڤاسە بۆ ئیشی ئاکریلیک، رەنگی رۆنی ئاسایی، ئارتیزان و گریفین ئالکید گونجاوە. هەر یەک لەو کەنڤاسانە لە کاوەرێکی نایلۆنی دان .


**٣- کەنڤاسی وینزۆر-یۆنیوێرسال بە شێوەی رۆل:** ئەم کەنڤاسە هەمان کوالیتەی کەنڤاسی قوماشی وینزۆر یۆنیوێرسالی هەیە، بەڵام بە شێوەی رۆل و بە پانی ١٦٠ سم دروستکراوە، کە بۆ هەندێک تابلۆ بە قەبارەی تایبەت یان نیگارکێشان لەسەر رووبەری پان بەکار دێت.

**٤- کەنڤاسی نوێی وینزۆر، لێوارپان:** ئەم کەنڤاسە ئاستەرێکی (زەخەرە) ئاکریلیکی هاوشێوەی وینزۆر-یۆنیوێرسال هەیە، بەڵام قوماشەکەی ئاژوساوێکی نازکتری هەیە و لەبەر ئەوەش بۆ کێشانەوەی روخسار و دیمەن گونجاوە.



لەم ساڵانەی دواییدا، وینزۆر و نیۆتن دەستی داوەتە بەرهەمهێنانی جۆرێکی نوێی کەنڤاس کە زۆر سەرجراکێش و بە کەڵکە. لێواری پانی چوارچێوەی ئەم کەنڤاسە کە قوماشەکەی بەرسەدا کێشراوە، دەرفەتی ئەوە بە هونەرمەندەکە دەدات بە دڵی خۆی لەسەر لێوارەکەش وێنە بکێشێتەوە و ئەمەش دیمەنێکی جووانتر و نوێتر لەبەراورد لەگەڵ چوارچێوەکانیتر دروستدەکات، جگە لەمە زۆربەی هونەرمەندان تابلۆکانیان هەر بەو شێوەیە و بێ لەسەر دیوار هەڵدەواسن و وێرای تێچووی کەمتر، بەرهەمەکەش بە شێوازێکی ئاساییتر پیشان ئەدرێت. با ئەوەش بڵێین کە هەر هونەرمەندێک دەتوانێت بە سودوەرگرتن لە رەنگ و بیرۆکەی جۆراجۆر، خۆی دروستکەری ئیتاری تابلۆکەی خۆی بێت.

ئەم کەنڤاسانە بۆ رەنگی ئاکریلیک، رەنگی رۆنی ئاسایی، ئارتیزان و گریفین ئالکید گونجاون. هەر کەنڤاسێک و لە کاوەرێکی نایلۆنی دایە.






## ئامادەکردنی کەنڤاس بۆ نیگارکێشی بە رەنگی رۆنی:

دەکرێت رەنگە ئاکریلیکەکان وەک ئاستەرێکی ناسک لەسەر کەنڤاسی قوماش بەکار بێنین بەڵام ئامادەکردنی تابلۆ بە توێژی ئەستورتری رەنگی ئاکریلیک بۆ کەنڤاسی کارتۆن بە رووپۆشی قوماشەوە باشترە.

## کەنڤاسی کارتۆن بە رووپۆشی قوماش:

ئەم کەنڤاسە سەردەمانێک بۆ کێشانەوەی سکەیچ لە فەزای دەرەوە بەکار هاتووە. ئەم جۆرە کەنڤاسانە جێگایەکی کەم دەگرن و لە کەنڤاسی قوماش لەسەر چوارچێوە زیاتر بەرگە دەگرن. کەنڤاسەکانی وینزۆر و نیۆتن لە کارتۆنێکی پتەو و قوماشی زۆر چاک دروستکراون و لە کارتۆنە ئاستەر لێدراوەو بەبێ داپۆشینی قوماشەکان، زۆر چاکترن. هەروەها ئیتارکردنیان لە بەراورد لەگەڵ کەنڤاسی قوماش هەرزانتر و ساناترە.

**کاغەز:** کەغەز لەبەر ئەوەی ئاژوساوێکی گونجاوی هەیە و جولەی رەنگ لەسەری خۆشە؛ بۆ وێنە کێشان بە رەنگی ئاکریلیک بەکاردێت و لە کەنڤاسی قوماشیش هەرزانترە. هەروەها لەبەر ئەوەی رەنگی ئاکریلیک بە چەشنی رەنگی رۆنی رۆناچیتە ناو کاغەزەکە، زۆر بە سانایی دەکرێت کاری جۆراجۆری لەسەر بکرێت. یەکێک لە باشترین جۆرەکانی کاغەز، کاغەزی « گالێریا»-یە کە ئاژوساوێکی (تێکسچێر) هاوشێوەی کەنڤاسی قوماشی هەیە. پەڕەی ئەم کاغەزانە پرایمەری چاکی تێدایە و بەو هۆیەوە رووبەرەکەی ئاژوساوی هاوشیوەی کەنڤاسی قوماشی هەیە و بۆ وێنە کێشان لە فەزای دەرەوە ، کاتی گەشت و تەنانەت لەناو ئاتۆلیەدا زۆر گونجاون. بەستەی ئەو کاغەزانە بە گشتی ١٥ لاپەڕەی تێدایە و لە پێنج قیاس دا خراونەتە ڕوو. ئەگەر حەزتان لە رووبەرێکی کلاسیکە دەتوانن کاغەزی ئەستووری تایبەت بە ئاورەنگ بە کوالیتەی بەرزەوە بەکار بێنن. تەنانەت دەکرێت بە مەبەستی ئاژوساوی زیاتر بە یارمەتی فلچە، ئاستەر لە کاغەزەکە بدرێت. کاغەزی گالێریا رووبەرێک بە ئاژوساوی کەم بەدی دەهێنێت کە بۆ هەموو جۆرە وێنە کێشانێک بە ئاکریلیک دەبێت.






**ئاستەرلێدانی سەرقوماش و تەختەی ئێم.دی. ئێفی خۆشنەکراو (رەنگ لێنەدراو):**

ئەگەر پێت خۆشە بۆخۆت رووبەری کارەکەت ئامادە بکەیت، لە هەڵبژاردنی قیاس و شێوازدا تەواو ئازادیت. تەنانەت دەتوانی رووبـەری بازنەیی دروست بکەیت. لە راستیدا زۆربەی هونەرمەندان لە ئامادەکردنی کەرەستە و پێداویستیەکانی خۆیان چێژ وەردەگرن. ئاستەر لێدانی تەختەی ئێم . دی . ئێفی رەنگ لێنەدراو، تێچوویەکی وەهای ناوێت و هەروەها هانت دەدات زیاتر ئیش بکەیت. بە گشتی ئاستەرەکان لەسەر چۆنیەتی ئاژوساو، توانای هەڵمژین و جۆری رەنگی رووبەرەکە کاریگەریان هەیە.



**ئاستەری ئاکریلیك:** ئاستەرە ئاکریلیکییەکانی وینزۆر و نیۆتن کە فۆرمولاسیۆنی تایبەتیان هەیە، بۆ وێنە کێشان بە ئاکریلیک و رەنگی رۆنی گونجاون ، لەبەرە ئەوەی خێرا ویشک دەبنەوە و پێویستیان بە کەتیرە لێدان نییە. ئەم ئاستەرانە لە رووی چۆنیەتییەوە دوو جۆرن :

جۆری یەکەم کە پسپۆرانە و پرۆفیشناڵە، خۆی بە دوو جۆر خراوەتە روو؛ جێسۆ پرایمەری سپی ئاکریلیک و جێسۆ پرایمەری روونی ئاکریلیک کە زۆرترین توانای داپۆشانی هەیە و تەنیا بە یەک توێژ لێدانی باشترین جۆری ئاستەر دروست دەکات. جێسۆ پرایمەری روون بەرهەمێکی تایبەتە کە سەر رووبەرەکە زبر و درِ دەکات، بەڵام ئەگەر دەتەوێت ئاستەرەکەت روون و بێرەنگ نەبێت دەتوانی لەگەڵ رەنگی ئاکریلیک تێکەڵی بکەیت. ئاستەری رەنگین یەکدەستی و هارمۆنیا لە نێوان بەشەکانی تابلۆکە دروستدەکات و لە پرۆسەی وێنەکێشاندا، کاتی زیاترت بۆ دەگەرێنێتەوە.



جۆری دووهـەم کە هەرزانترە؛ جێسۆ پرایمەری سپی گالێریا-یە و کوالیتەشی باشە، ئەم پرایمەرە لەم ساڵانەی دواییدا لەگەڵ رەنگەکانی گالێریا برەوی زۆری بووە.

**خۆشکردنی رووبەری دار :** رەنگە بۆ ئیشی دەستی، رووبەری کارەکە پێویستی بە ئاستەر لێدان نەبێت، بەڵام رووبەری دار بە تایبەت ئەگەر نوێ بێت، توانای هەڵمژینی زۆرە و واباشترە مێدیۆمێکی شلی ماتی ئاکریلیکی لێبدرێت هەتا توێژێکی گونجاو بۆ پێوەنووسانی رەنگ بە رووبەرەکەوە دروست بکات.

**رووبەری تر :** هەندێک رووبەریتریش هەن وەک : گەچ، کەرپووچ(خشت)، سواڵەت و پێستە ، کە دەکرێت بە ئاکریلیک کاریان لەسەر بکرێت . لە کۆتایی ئەم کتێبە دا بە تێر و تەسەلی باسی جۆرەکانی بەکارهێنانی ئاکریلیک دەکەین .

## کارکردن بە رەنگ

### ئەو رەنگانەی نیگارکێش هەڵیدەبژێرێت:

ئەو رەنگانەی هەڵدەبژێردرێن دەبێت توانای ئەوەیان بێت بازنەیەکی بەرفراوان لە رەنگ بۆ شێوەکار دەستەبەر بکەن و هاوسەنگی لە نێوان رەنگە روون و رەنگە ماتەکان و هەروەها لە نێوان رەنگە لاوازەکان و رەنگە بە هێزەکان دروست بکەن. رەنگە هەڵبژێردراوەکان دەبێت لەبەردەست و بەکەڵک بن. سەرەتا نیگارکێش بۆ راهێنان دوازدە رەنگ دەکرێت و دوواتر بە پێی پێویست رەنگیتریشی لێ زیاد دەکات. ئەم رەنگانەی خووارەوە پێشنیار دەکەین:



**رەنگە هەڵبژێردراوەکانی «گالێریا»:**

زەردی لیمۆیی ٣٤٦، زەردی کادمیۆمی تۆخ ١١٥، وێرمیلیۆن ٦٨٢، شەرابی نەگۆڕ ٥٠٢، سووری کریمسۆن ٢٠٣، ئۆلتراماریەن ٦٦٠، شینی وینزۆر ٧٠٦، سەوزی فێتالۆ ٥٢٢، ئامبێری ماک ٥٥٤، زەردی ئۆکر ٧٤٤، قاوەیی سیەنای تۆخ ٧٤، سپی تیتانیۆم ٦٤٤

**رەنگە هەڵبژێردراوەکانی فینیتی و فینیتی کۆنستانتریٚ:**

زەردی لیمۆیی ٣٦٤، زەردی ئازۆی مامناوەند ١٩، سووری کادمیۆمی روناک ١٠٠، شەرابی نەگۆڕ ٥٠٢، سووری ئالیزارینی نەگۆڕ ٤٦٦، شینی ئۆلتراماریەن ٦٦٤، شینی فێتالۆ (مەیلەو سەوز) ٥١٥، سەوزی فێتالۆ (مەیلۆ شین) ٥٢٢، ئامبێری ماک ٥٥٤، زەردی ئۆکر ٧٤٤، قاوەیی سیەنای تۆخ ٧٤، سپی تیتانیۆم ٦٤٤.

هەواڵنامەی کتێب

### پێکهاتەی رەنگ، سیستەمی شەش رەنگی:

نیگارکێشە کان چ ئەوانەی پسپۆڕن چ ئەوانەی تازە دەستیان داوەتە شێوەکاری، رەنگەکانیان سنوردار هەڵدەبژێرن هەتاوەکو زانیاریان لەسەر بەکارهێنانی رەنگ زۆر بکەن. لەو بازنە شەش رەنگییەی خـووارەوە دوو رەنگی سور ، دوو رەنگی زەرد و دوو رەنگی شین وەک رەنگە سەرکییەکان رەچاو کراون. بۆ وێنە لەو بازنە رەنگییەدا؛ رەنگی سووری مەیلۆ شین و رەنگی سووری مەیلۆ زەرد بۆ دروستکردنی رەنگە مۆرە پاراوەکان و رەنگە پرتەقالییە پاراوەکان بەکار دێت. زیادکردنی رەنگیتر بەو بازنە رەنگییە سەرەکییە؛ پانتاییەکی فراوانتری روناکی و تاریکیمان پێئەدات و فرەچەشنی زیاتر لە ماتی و هێزی رەنگ دەستەبەر دەکات.

بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر سەبارەت بە تیۆری رەنگ سەرنج بدەنە کتێبی « کەلوپەلسناسی بەرهەمهێنانی رەنگ « کە هەر لەم زنجیرە کتێبەیە.




**رەنگی ئاکریلیکی «گالێریا» :**
زەردی لیمۆیی ٣٦٤، زەردی کادمیۆمی تۆخ ١١٥، وێرمیلیۆن ٦٨٢، شەرابی نەگۆڕ ٥٠٢، شینی ئۆلترامریەن ٦٦٠، شینی وینزۆر ٧٠٦.

## رەنگی زیاتر بۆ تەکنیکی تایبەتی نیگارکێشان :

باشترین ڕێگە بۆ هەڵبژاردنی رەنگی نوێ، سوودوەرگرتنە لە خشتەی دروستکراوی رەنگەکان. لە راستیدا بە تێچوویەکی کەم دەتوانن بەر لەوەی بچن بۆ کڕینی رەنگ، رەنگەکان بە پۆلین و پلەبەندی ببینن و هەڵبژاردنێکی باشترتان هەبێت.

(ئەو رەنگانەی لەمەودووا ناویان دێت، پەیوەستە بە رەنگەکانی فینیتی ، لە کاتێکدا زۆربەی ئەو رەنگانە لەناو رەنگەکانی گالێریاش دا هەن. لە ناو کتێبی « کەلوپەلناسی بەرهەمهێنانی رەنگ » دا ، لیستێکی تۆکمە لە پێکهاتەی کیمیاوی ئەو رەنگانە بۆ بەراورد کردن لەگەڵ یەک، هاتووە.)







### کێشانەوەی دیمەن :

رەنگی نوێ و جیاواز لە راستیدا زانیاریتان لەسەر نیگارکێشان زۆرتر دەکات، بۆ کێشانەوەی دیمەن و سروشت؛ زەردەکان ، شینەکان، سەوزەکان و رەنگە کانزاییەکان گونجاون. بۆ کێشانەوەی شاخ و تاشەبەردەکانیش دەتوانن جێلی دروستکەری ئاژوساو (تێکسچێر) بەکار بهێنن.

### رەنگەکانی دیمەن:

زەردی کادمیۆمی روناک ١١٣، شینی سیرۆلیەن ١٣٧، شینەکانی جۆری کۆباڵت ١٧٨، شینی فیتالۆ (مەیلۆ سەوز) ٥١٥، شینی ئیندانتێریەن ٣٢١، پیرۆزەیی کۆباڵت ١٩٠، سەوزەکانی جۆری کۆباڵت ١٨٥و ١٨٦، سەوزی ئۆکسیدی کرۆم ١٦٢، سەوزی فیتالۆ (مەیلۆ زەرد) ٥٢١، سەوزی هوکێر٣١١، سەوزی ساپی نەگۆڕ ٥٠٣، سەوزی زەیتونی ٤٤٧، زەردی ناپلی تۆخ٤٢٥ ، قاوەیی سیەنای ماک٥٥٢، رەنگەکانی جۆری مارس، ئامبێری تۆخ ٧٦، خۆڵەمێشی دیوّی ٢١٧، رەشی ئایڤێری ٣٣١، سپی تێکەڵاوکەر ٤١٥.

### مێدیۆمەکانیان:

جێلی تیکسچێری دەنک ورد، ناوەند و گەورە، جێلی تێکسچێری لم، جێلی تێکسچیری رەشکانە.

### کێشانەوەی روخسار:

لە کێشانەوەی روخساردا، پێویستە روناکی ژیان و کەسایەتی تاک رەنگ بداتەوە. پێکهاتەی رەنگە روون و پوختەکان دەگەڵ تاریکی وروناکییەکان ئەو ئامانجە دەپێکێت. پەمەییەکان، مۆرەکان و رەنگە کانزاییەکان هەندێک لە پێکهاتەکانی کێشانەوەی روخسار بەدیدێنن.



### رەنگەکانی روخسار:

زەردی کادمیۆمی روناک ١١٣، زەردی دایریلاید ٢٢٨، پرتەقاڵی پرینۆن ٤٦٢، سووری کادمیۆمی ناوەند ٩٩، سووری نافتۆلی روناک ٤٢١، سووری پیرۆل ٥٣٤، ماجێنتای کویین ئاکریدۆن٥٤٥، شینی سیرۆلیەن ١٣٧، پیرۆزەیی کۆباڵت ١٩٠، باف تیتانیۆم ٦٠، زەردی ناپل ٤٢٢، زەردی ناپلی تۆخ ٤٢٥، رەنگەکانی جۆری مارس، قاوەیی سیەنای ماک ٥٥٢، ئامبێری تۆخ ٧٦، خۆڵەمێشی دیوّی ٢١٧، رەشی ئایڤێری ٣٣١، سپی تێکەڵاوکەر ٤١٥.

هەواڵنامەی کتێب

**ڕەنگە لاوەکییەکان:** جگە لەو ڕەنگە درەوشاوانەی کە بە پێکهاتە ڕەنگییەکانی (لاپەڕەی پێکهاتەی ڕەنگی) دروست دەکرێن ، تاک ڕەنگە لاوەکییەکانیش گرینگن، بۆ وێنە ئەو پێکهاتانەی لە ڕەنگی سەوزی فیتالۆی مەیلۆشین دروست دەبن؛ درەوشاوەترن لەو پێکهاتە سەوزانەی لە تێکەڵاوکردنی زەردەکان و شینەکان دروست دەبن.

**ڕەنگە لاوەکییەکان:**
پرتەقاڵی بێنزی میدازۆلۆن٢٣، پرتەقاڵی پرینۆن ٤٦٢، مۆری کویین ئاکریدۆن ٥٥٠، ماجێنتای کویین ئاکریدۆن ٥٤٥، ئەرخەوانی دی ئۆکسازین ٢٢٩، پیرۆزەیی کۆباڵت ١٩٠، سەوزەکانی جۆری کۆباڵت ١٨٥ و ١٨٦، سەوزی ئۆکسید کرۆم ١٦٢، سەوزەکانی جۆری فیتالۆ٥٢١ و ٥٢٢.



**ڕەنگەکانی گلایزینگ (بەشوشە کردن) :** بە مەبەستی گلایزینگ، ڕەنگە روناکەکان وەک توێژێکی تەنک بەکار دێن. گلایزینگ لە کاتی وێنە کێشان دا دەبێتە هۆی دروستکردنی قووڵایی و دەرکەوتنی ناسکی ڕەنگ و لە کۆتایی وێنەکێشانەکەشدا دەبێتە هۆی یەکدەستی و یەکپارچەیی ئیشەکە . زۆربەی کاتەکان کە پێویستیمان بە ڕەنگی ترە؛ دەکرێت بە میدیۆمی شلی بریسکەداری ئاکریلیک و چۆڕێک ئاو، ئەو کارە بکەین. بریسکانەوەی زیاتر، قووڵایی ڕەنگەکان پتر دەکات.



**ڕەنگەکانی گلایزینگ:**
زەردی رووناک ٦٥٣، زەردی دایری لاید ٢٢٨، سووری کویین ئاکریدۆن ٥٤٨، ماجێنتای کویین ئاکریدۆن ٥٤٥، شینی کۆباڵت ١٧٨، شینی کۆباڵتی تۆخ ١٨٠، سەوزی کۆباڵتی روناک ١٨٦، قاوەیی سیەنای ماک ٥٥٢، زێرینی کویین ئاکریدۆن ٥٤٧، خۆڵەمێشی دیۆی ٢١٧، سپی تێکەڵاوکەر ٤١٥.


**مێدیۆمەکانی:** مێدیۆمی تراوکردنەوەی بریسکەداری ئاکریلیک.

هەواڵنامەی کتێب

## وێنەکێشانی سەڵت (ئابستره):

زۆربەی کات، رووبەری نیگارێکی ئابستره بە رەنگی مات داپۆشراوە، رەنگە ماتەکان توێژەکانی بنەوە دادەپۆشن و جێی جوڵەی فڵچەکە ناهێڵنەوە و بەمشێوەیە پانتاییەکی یەکدەست دروست دەکەن .





**ئەو رەنگانەی بۆ وێنە کێشانی ئابستره گونجاون:**

زەردی بیسمۆت ٢٥، زەردەکانی جۆری کادمیۆم ١١١، سوورەکانی جۆری کادمیۆم ٩٧، شینەکانی جۆری سیرۆلیەن ١٣٧ و ١٣٩، سەوزەکانی جۆری کۆباڵت ١٨٥ و ١٨٦، سەوزی ئۆکسیدی کرۆم ١٦٢، زەردی ناپل ٤٢٢، زەردی ناپلی تۆخ ٤٢٥، سووری ئۆکسیدی ئاسن ٥٦٠، رەنگەکانی جۆری مارس، خۆڵەمێشیی گرافیت ٢٩٢، گشت ئەو رەنگانەی کە بە تێکەڵاو کردن لەگەڵ سپی دروست دەبن.

هەواڵنامەی کتێب




## سکامبلینگ:

لە سکامبلینگ دا، هەر وەک وێنەکێشانی سەڵت (ئابستره) لە رەنگی مات کەڵک وەردەگیرێت، بەڵام رەنگەکە تراو دەکرێتەوە و بە خێرایی لە رووبەری تابلۆکە دەدرێت تاوەکووتوێژێکی نازکی لیاو (گلایز)-ی مات توێژەکانی بنەوە داپۆشێت.

**ئەو رەنگانەی بۆ سکامبلینگ گونجاون:**

زەردی بیسمۆت ٢٥، زەردەکانی گرووپی کادمیۆم ١١١، سوورەکانی گرووپی کادمیۆم ٩٧، شینەکانی گرووپی سیرۆلیەن ١٣٧و ١٣٩، سەوزەکانی گرووپی کۆباڵت ١٨٥ و ١٨٦، سەوزی ئۆکسید کرۆم ١٦٢، زەردی ناپل ٤٢٢، زەردی ناپلی تۆخ ٤٢٥، سووری ئۆکسیدی ئاسن ٥٦٠، رەنگەکانی گرووپی مارس، خۆڵەمێشی گرافیت ٢٩٢، گشت ئەو رەنگانەی بە تێکەڵاو کردن لەگەڵ سپی دروست دەبن.




## رەنگە گەشەکان (درەوشاوەکان) :


ئەو جۆرە رەنگانە توانای رەنگیی زیاد دەکەن، بەکارهێنانی رەنگە گەشەکان زۆربەی کات یەک قۆناغییە ، واتە راستەوخۆ رەنگی ناوتیوبی بە کاردێت.

**رەنگە درەوشاوەکان:**

سوورەکانی کادمیۆم ٩٧، زەردەکانی کادمیۆم ١١١، زەردی بیسمۆت ٢٥، سووری کویین ئاکریدۆن ٥٤٨، ماجێنتای کویین ئاکریدۆن ٥٤٥، ئەرخەوانی دی ئۆکسازین ٢٢٩، شینی ئیندانتێریەن ٣٢١، رەنگەکانی فێتالۆ ، سپی تیتانیۆم ٦٤٤.

هەوالنامەی کتێب

## رەنگە مامناوەندەکان (رەنگە لیێڵەکان) :



رەنگە مامناوەندەکان بریتین لە : رەنگە سپی تێکەڵاوەکان ( تێکەڵاوی رەنگ و سپی)، رەنگە رەشە تێکەڵاوەکان (تێکەڵاوی رەنگ و رەش) و هەروەها رەنگە کانزاکان و ئەو رەنگانەی هەر بە سروشتی خۆیان توانای رەنگپێدانیان کەمە.



**رەنگە مامناوەندەکان:**

پیرۆزەیی کۆباڵت ١٩٠، سەوزەکانی گرووپی کۆباڵت ١٨٥ و ١٨٦، سەوزی ئۆکسیدی کرۆم ١٦٢، باف تیتانیۆم ٦٠، زەردەکانی ناپل ٤٢٢، ئۆکرەکان ، سیەناکان، رەنگەکانی گرووپی مارس، ئامبیرەکان ، خۆڵەمێشی دیوی٢١٧ ، خۆڵەمێشی گرافیت٢٩٢، رەشەکان .





## پەتینە:

لەبەر ئەوەی ئاکریلیک وەک رەنگی رۆنی ناچێتە ناخی کەنڤاسەکەوە، بۆ تێکنیکی پەتینە گونجاوە. بە یارمەتی رەنگە ماتەکان لەگەڵ رەنگەکانی فیتالۆ و ئەرخەوانی دی ئۆکسازین، دەکرێت زۆرترین حالەتی رەنگی دروست بکرێت. مێدیۆم شل کردنەوەی ئاکریلیک پیگمێنت (خانەی رەنگی)–ی ئاکریکی رادەداتە ناو کەنڤاسەکەوە و بەمشێوەیە کاریگەری ئەم تێکنیکە زیاتر دەکات .

### رەنگە گونجاوەکان بۆ پەتینە:

زەردی بیسمۆتی ٢٥، زەردەکانی کادمیۆم ١١١، سوورەکانی کادمیۆم ٩٧، شینەکانی سیرۆلیەن ١٣٧ و ١٣٩، سەوزەکانی کۆبالْت ١٨٥ و ١٨٦، سەوزی ئۆکسید کرۆم ١٦٢، ئەرخەوانی دی ئۆکسازین٢٢٩، زەردی ناپل ٤٢٢، زەردی ناپلی تۆخ ٤٢٥، شینی فیتالۆ (مەیلۆ سەوز) ٥١٥، شینی فیتالۆ (مەیلۆ سوور) ٥١٤، سەوزی فیتالۆ (مەیلۆ شین) ٥٢٢، سەوزی فیتالۆ (مەیلۆ زەرد) ٥٢١، سووری ئۆکسیدی ئاسن ٥٦٠، رەنگەکانی مارس، خۆڵەمێشی گرافیت٢٩٢، گشت ئەو رەنگانەی بە تێکەڵاو کردن لەگەڵ سپی دروست دەبن.

**مێدیۆمەکانی:** مێدیۆمی شلکردنەوەی ئاکریلیک.




هەواڵنامەی کتێب



## مێدیۆمەکانی ئاکریلیك:
## جۆرەکانی مێدیۆم:

وینزۆر و نیۆتن جگە لە رەنگ ، بازنەیەکی بەفراوان لە کەرەستە لاوەکییەکانی نیگارکێشان (وەکو مێدیۆمەکان) بە کوالیتەی بەرز و بە پێی ستاندارد بەرهەم دێنن. بەیارمەتی مێدیۆمەکان دەتوانین تێکنیکگەلی جیاواز بخوڵقێنین و هەروەها پێش بە تراوبونی رەنگەکان بگرین . رەنگەکانی ئاکریلیک بۆخۆیان توانایان یەکجار زۆرە و بە سوودوەرگرتن لە مێدیۆم ئەو تواناییانە زیاتر دەبن. پانتایی ئەو تواناییانە هەر لە کۆنترۆلی کۆتایی وەک بریسکەدارکردن و ماتکردن و سەدەفی کردن بگرە هەتا گۆڕانی خەستیی رەنگەکان (رەنگە خەستەکان بۆ دروستکردنی تێکسچیر و رەنگە شلەکان بۆ رەنگ دانان لەسەر کەنڤاس) و لە کۆتاییدا گۆڕانکاری لە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی رەنگ، بەرین دەبێتەوە.

مێدیۆمی جێلیی ئاژوساوی لم-ی ئاکریلیک (Acrylic Sand Texture Gel) توانایی زۆری بۆ وێنەکێشانی دیمەن، ئابستره و دیکۆپاژ هەیە. هەویری پەیکەرسازی ئاکریلیک (Acrylic Modelling Paste ) کە شایانی هەڵکۆڵین و سمارتە لێدانە، بۆ کاری سێ رەهەندی، پەیکەرسازی و بەکارهێنانی پیشەیی گونجاوە. کاتێک رەنگ لەگەڵ مێدیۆم تێکڵ دەکرێت، ماوەیەکی زیاتر بەرگە دەگرێت. پێویستی هونەرمەندان لە لایەک و ئەو ستانداردانەی کە لە وینزۆر و نیۆتن دەوەشێتەوە لە لایەکیتر بۆتە هۆی بەرهەم هاتنی کۆمەڵێک مێدیۆم. ئەو مێدیۆمانە چووار جۆرن:

١- **دروستکەری ئاژوساو(تێکسچێر)**: ئەو جێلانەی ئاژوساوی جیاواز و جووان و سەرنج راکێش دروست دەکەن.

٢- **مێدیۆمەکان** : کە تایبەتمەندی بەکارهێنانی رەنگەکان و رێکوپێک کردنی کۆتایی بەرهەمەکە دەگۆرِن.

٣- **ئاستەرەکان (زەخەرە)**: رووبەرەکان بۆ نیگارکێشان ئامادە دەکەن.

٤- **وەرنییەکان**: بۆ پارێزگاری تابلۆکە بەکار دێن.




## دروستکەری ئاژوساوی ئاکریلیك:

ئاکریلیک لەبەر ئەوەی زوو ویشک دەبێتەوە؛ بۆ بەدیهێنانی توێژە دووابەدوواکانی رەنگ گونجاوە. خەستیی ئەم رەنگەش جۆرێکە کە بەکارهێنانی دروستکەری ئاژوساوەکان (کە بۆ خولقاندنی رووالەت و دەرکەوتە نوێیەکانی شێوەکاری بەکار دێت) ساناتر دەکات. جۆرەکانی جێلی دروستکەری ئاژوساو ـــی وینزۆر و نیۆتن:

**جێلی ئاژوساو**: ئەم جێلانە بۆخۆیان : ورد، مامناوەند و زبریان هەیە (Acrylic fine, Medium, Coarse Texture Gels) بۆ دروستکردنی رووبەر بە ئاژوساوی جیاوازەوە بەکاردێن و نابنە هۆی گۆرینی رەنگەکە.

**جێلی ئاژوساو کە هەندێک شتی سروشتیان پێ زیاد کردووە**: بۆ دروستکردنی ئاژوساوی سروشتی و جارجاریش بۆ دروستکردنی هەندێ حاڵەتی رەنگی بە کاردێت.

**هەویری پەیکەرسازی**: بۆ دروستکردنی هەندێک ئاژوساو کە شایانی هەڵکۆڵین و سمارتە لێدان بن. گشت ئەو جێلانە لەگەڵ یەکتریش و لەگەڵ رەنگی ئاکریلیکیش زۆر بە باشی تێکەڵ دەبن.





**جێلی ئاژوساوی دەنک ورد، مامناوەند و دەنک گەورە (زبر):** هەمووی ئەم جێلانە لە کۆمەڵێک گردیلە بە قیاسی جیاواز دروست بوون کە دروستکەری سێ پلە ئاژوساوی جیاوازن، تایبەتمەندییە باشەکانی ئەم جێلانە بریتین لە:

*- هەر بە روونی ویشک دەبنەوە و کەمترین کاریگەریان لەسەر رەنگەکە دەبێت.

*- بە فۆرمولاسیۆنێکی تایبەت دروست کراون تاوەکوو ئاژوساوەکە لە سەرانسەری جێلەکە وەک یەک بڵاو بێتەوە.

*- بە تێکەڵکردنی جۆرەکانی جێل، دەکرێ دەیان و سەدان ئاژوساو (تێکسچیر)-ی جیاواز دروست بکرێت لە ئاژوساوی نەرمەوە تا زۆر زبر.

جێلی ئاژوساوی نەرم بۆ ئەو کەشوهەوایانەی پێویستیان بە حاڵەتی ئاژوساوی نەرم و هێمنە بەکاردێت وەکو شەپۆلەکان یان هەورەکان . جێلی ئاژوساوی زبردەکرێت بۆ بەدیهێنانی قووڵایی لە رووبەری رەنگ دا بەکار بێت. بۆ وێنە بۆ دروستکردنی ئاژوساوی گیای کاکتوس بەم جێلە، هەستێکی تایبەتی سەرنج راکیش دروست دەکرێت.

## جێلی ئاژوساو کە هەندێك شتی سروشتیان پێ زیاد کردووە:

زیخی وردی رەش، بەردی بەردەپێ، زەنگیانە، لم
(Black Flint, Natural Pumice, glass beads ,Natural Sand)

دەتوانین هەندێ شتی وەکوو زیخ یان لم بکەینە ناو جێلەکە و بۆ کێشانەوەی وێنەی دیمەن یان بۆ ئیشی دەستی بەکاری بێنین.

مادەیەکی وەک لم هەر دەکرێت بە شێوەی سروشتی تێکەڵ بە رەنگی ئاکریلیک بکرێت، لەبەر ئەوەی جیلی ئاژوساوی وینزۆر و نیۆتن کوالیتەی زۆرباشیان هەیە و ئەو مادانەش کە تییان دەکرێت هەر سروشتین و پاراون، بە دڵنیاییەوە رەنگەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە و هیچی لێنایەت.



جێلی ئاژوساوی لمی ئاکریلیک بۆ دروستکردنی هەستی « ئاڵۆزی» گونجاوە، و ئەگەر بێتو لەگەڵ رەنگی زێرینی کووپین ئاکریدۆن فینیتی تێکەڵ بکرێت، بۆ کێشانەوەی وێنەگاڵی چەوی و لم ، وەک بەبەردبووەکان زۆر باشن. زیخی وردی رەش دەگەڵ رەنگی روون و شل ئەو دەرفەتە دەداتە نیگارکێش کە حالەتێکی خاڵخاڵ لەناو تابلۆکەی دا دروست بکات. بەکارهێنانی زەنگیانە بۆ هەندێ فەزا وەک نیشاندانی تۆقلە لە ناو ئاودا ، گونجاوە.

**هەویری پەیکەرسازی:** **Acrylic Modelling Paste**

ئەو هەویرە بە ستانداردێکی بەرز دروستکراوە تاوەکوو بۆ شێوەکاران و پیشەچییەکان گونجاو بێت.
ئەم بەرهەمە چەند تایبەتمەندی گرینگی هەیە:

- بە فۆرمولاسیۆنێک بەرهەم هاتووە کە هەر لە سەرەتاوە کە رەنگەکە تەرە ، تا کاتی ویشک بوونەوەی، زۆر ناگۆڕدریت.
- لەسەر ئەو هەویرە دەکرێت کاری هەڵکۆڵین بکرێت و سمارتەشی لێ بدرێت.
- لە سەر رووبەری جیاواز، خۆی دەگونجێنێت.
- بۆ ئافراندنی بە هێزترین دەرکەوتەکانی رەنگ، دەتوانن پاش ویشکبوونەوەی هەویرەکە، بە رەنگی ئاکریلیک فینیتی رەنگی کەن.

ئەم هەویرە مادەیەکی نوییە بۆ شێوەکاران و پەیکەرسازان، چوونکە بە لەسەریەک دانانی چەن توێژی هەویرەکە و هەڵکۆڵینی، دەتوانی بگەیتە ئەو حاڵەتەی مەبەستتە.



## بەکارهێنانی مێدیۆمەکان:

### گۆڕین و دیاریکردنی خەستیی ڕەنگ و تۆکمەکردنی کار:

خەستیی ڕەنگەکان ، بە یارمەتی مێدیۆمی «وینزۆر و نیۆتن» بە دڵی خۆتان لە شلەوە تا خەست دەگۆڕدرێن.



هەواڵنامەی کتێب

ئەو ئاڵوگۆڕە بە هەردوو مێدیۆمی مات یان بریقەدار دەکرێت. ئەو مێدیۆمانە وێڕای ئەوەی تراوی ڕەنگەکە بۆ گلایز و کاڵکردنەوە زیاتر دەکەن ، ڕوونی ڕەنگەکەش زۆرتر دەکەن و خەستیی ڕەنگی فینیتی دەپارێزن. میدیۆمی تراوکەری مات یان بریقەداری ئاکریلیک (Acrylic Fluid Matt/Gloss Medium ) کە توانای لکان و زۆرمانەوەی لەو کاتە زیاترە کە لەگەڵ ئاو تێکەڵ دەکرێت.جێل مێدیۆمە مات و هەروەها بریسکەدارەکانی ئاکریلیک Acrylic Matt/Gloss Medium)) خەستیی ڕەنگەکەش زیاتر دەکەن.

مێدیۆمی ئیمپاستۆ ئاکریلیک (Acrylic Impasto Medium) لەگەڵ ئاو تێکەڵ دەکرێت و لەچاو جێل مێدیۆمەکان حالەتی بارزتر دروست دەکات. ئەو مێدیۆمە بۆ نیگارکێشان بە شفرە گونجاوترە، مێدیۆمی ئیمپاستۆ، ئەو بریقەیەی ڕەنگی فینیتی هەیەتی دەیپارێزێت. بە گشتی مێدیۆمەکان ڕووناکی ڕەنگەکان زۆر دەکەن و ئەو دەرفەتە بە هونەرمەند دەدەن خەستیی ڕەنگەکە کەم و زۆر بکەن .

مێدیۆمی تراوکەری ئاکریلیک ڕەنگەکە تراو دەکاتەوە و ئەو دەرفەتە دەداتە نیگارکێش کە بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەک لە تێر و تەسەلی ڕەنگەکە دروست بکات بتوانێت ڕووبەرێکی بەرین بە شێوازێکی یەکدەست ڕەنگ لێ بدات. ڕەنگی تراو بۆ وێنەکێشانێک کە لێواری بارز و دیاریکراوی هەیە گونجاوە لەبەر ئەوەی ڕەنگەکە بە پێچەوانەی هێڵی داپۆشێنەر بەرەو لای سەرەوە دەڕوات.

**دەرکەوتە تایبەتەکان:**

مێدیۆمی سەدەفی ئاکریلیک (Acrylic Iridescent Medium) ڕوواڵەتێکی بریقەدارو سەدەفی دروست دەکات . ئەو مێدیۆمە حاڵەتی زۆر تایبەتی ڕاکێشان و ڕەنگدانەوەی نوور پیشان دەدات و بە ڕەنگە ڕوونەکان حاڵەتی زۆر جووانتر دروست دەکات.

**درێژکردنەوەی کاتی ویشك بوونەوە :**

زۆربەی نیگارکێشان رەنگی ئاکریلیک هەڵدەبژێرن لەبەر ئەوەی زوو ویشک دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر پێویست بوو بۆ درێژکردنەوەی ماوەی ویشکبوونەوەی ئاکریلیک دەکرێت لە «رێتاردێر» کەڵک وەربگیرێت. بەم مێدیۆمە شێوەکار دەتوانێت ماوەی تێکەڵکردنی رەنگەکان زۆرتر کات و یان پاش ماوەیەک گۆرانکاری بەسەر کارەکەی بێنێت. جگە لەمانە پالێتی رەنگەکانیش بۆ چەند رۆژ دەکرێ بەکاربهینرێت.

**چاپی سیلك:**

مێدیۆمی چاپی سیلکی «گالێریا» تایبەت دروستکراوە بەشێوەیەک کە کاتی بەکارهێنانی رەنگ زیاتر بێت و بەکارهێنانیان لەسەر مەکینەی پرێسی سیلک بلوێت. ئەم مێدیۆمە لەگەڵ هەردوک رەنگی «گالێریا» و «فینیتی» دەکرێ بەکار بهێندرێت.

**دروستکردنی ئاژوساو (تێکسچیر) لە تابلۆی ئاکریلیك دا:**

رەنگی ئاکریلیک لەبەر ئەوەی توانای پێکەوە نووسانی زۆرە و زوو ویشک دەبێتە وە، بۆ دانانی توێژی رەنگ و دروستکردنی ئاژوساو گونجاوە. ئەو ئاژوساوانە بە مێدیۆم دروست دەکرێن. هەندێک مێدیۆم لە شتی سروشتی وەک لم و چیو دروستبوون.

لە وێنەکێشان لە دیمەن و بینا، ئاژوساو زۆر جووانتری دەکات، جێلی دروستکەری ئاژوساو لە بوواری ئیشی دەستی دا کارایی زۆریان هەیە، لە «ستێنسێل»-ەوە بگرە هەتا پەیکەرسازی.

هەواڵنامەی کتێب





**کاری بریقەدار و پەتینە :**

مێدیۆمی تراوکەری ماتی ئاکریلیک یان مێدیۆمی تراوکەری بریسکەداری ئاکریلیک، بەهۆی تراویان بۆ بریقەدار کردنی کاری پتینە گونجاون. کاریگەری ئەم مێدیۆمانە لە کاتێکا زۆرتر دەمێنێتەوە کە بە ئاو شل بکرێنەوە. تراوکەرەوەکانی ئاکریلیک تایبەتمەندی هەڵمژینی رەنگی کەنڤاسە خۆشنەکراوەکان زیاتر دەکات.

**جوولەی فڵچە، ئاژوساو (تێکسچێر) و ئیمپاستۆ:**

جێل مێدیۆمی مات یان بریسکەداری ئاکریلیک خەستی رەنگەکان زیاتر دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی جوولەی فڵچەکە لەسەر کانڤاسەکە دیار بێت و ئاژووساوی تابلۆکە زیاتر دەکات. مێدیۆمی ئاکریلیکی ئیمپاستۆ رەنگەکە خەستتر دەکات و بە تایبەت بۆ وێنەکێشان بە شفرە گونجاوە.

**خۆپاراستن لە تراوکردنەوەی لەرادەبەدەری رەنگ:**

بۆ شلکردنەوەی ئاکریلیک و خاوێنکردنەوەی فڵچە و پالێتی رەنگ، سوود لە ئاو وەردەگیرێت، بەڵام ئاوی زۆریش دەبێتە هۆی تراوبوونی لەرادەبەدەری رەنگەکە و بایندەری رەنگەکان تێکدەدات و لە ئەنجامدا، دانانی رەنگەکن بە لاوازی و نارێکی دەبێت. هەر بۆیەش دەبێتە هۆی ئەوەی وێنەکێشانەکە بە گشتی تیک بجێت، بۆ دووربوون لەو کێشەیە، مێدیۆم لەگەڵ ئاوەکەت تێکەڵ بکە، ئینجا بەکاری بهێنە.

**خاڵەگرینگەکانی بەکارهێنانی رەنگەکانی ئاکریلیک و مێدیۆمەکان:**

١- رەنگەکان بە مێدیۆمەکان لەرادەبەدەر شل مەکەوە.
٢- هەمیشە پاش تەواوبوونی کار، کەلوپەلەکان بشۆ.
٣- لەزگەی رێنوێنی بەرهەمەکە بخوێنەوە.
٤- تیوبی رەنگەکان پاش بەکارهێنان خاوێن بکەوە.
٥- بۆ زانیاری زیاتر سەبرەت بە رەنگەکن، داوا لە فرۆشگا باوەرپێکراوەکانی «وینزۆر ونیۆتن» بکە ، کارتی پەیوەست بەوە بخاتە بەردەستت.



**وەرنییەکان :**

**وەرنی لێدان لە تابلۆ:** وەرنی بۆ پارێزگاری تابلۆ لە تۆز و خۆڵ و چەوری بەکار دێت، وەرنی دەبێت شایستەی سڕینەوە بێت تاوەکوو کاتێ پیس بوو بتوانن بیگۆڕن . هەرچەند ئەو وەرنییە نوێیانەی تایبەت بە تابلۆی رەنگی رۆنی بەرهەم هاتوون بۆ ئاکریلیکیش دەبن ، بەڵام بەکارهێنانی وەرنی تایبەت بە ئاکریلیک باشترە. وینزۆر و نیۆتن دوو جۆرە وەرنی تایبەت بە ئاکریلیکی بەرهەم هێناوە: وەرنی ماتی ئاکریلیک (Acrylic Matt Varnish) و وەرنی بریسکەداری ئاکریلیک (Acrylic Gloss Varnish) .




بە پێچەوانەی ئەو وەرنیانەی ناسڕدرێن و لەسەر بنەمای گیراوە یا مێدیۆمەکانی ئاکریلیک دروست دەبن، کاتی سڕینەوەی وەرنی وینزۆر و نیۆتن تابلۆ تێک ناچێت، وەرنی وینزۆر و نیۆتن بە ماددەی تایبەتی سڕینەوەی وەرنی ئاکریلیک (Acrylic Varnish Remover) بە سانایی لادەچێت ودەکرێت پاش چەند ساڵ تابلۆکە خاوێن کرێتەوە. شێوەکار خۆی دەتوانێت بە دڵی خۆی بۆ دروستکردنی پلەی جیاوازی ماتی، ئەو دوو جۆرە وەرنییە تێکەڵاو بکات.

**وەرنی لێدان لە شتومەکی جیاجیا:** وێنەی کێشراوەی سەر مۆبیلیات، کەلوپەلی یاری و یان وێنەی کێشراوەی سەر دیوار زیاتر لە بەر دەست دان و زووتر خراپ دەبن ، پێویستیان بە توێژێکی ئەوستووری وەرنییە. سەبارەت بەو شتومەکانە دەکرێت وەرنی نەتوواوە یان هەمیشەیی بەکار بێت کە بە ناوبانگترینیان «پۆلی یۆریتان»-ە (Polyurethane) . جێگای باسە ئەو جۆرە وەرنییە تا رادەیەک رەنگی وێنەکە تاریک دەکات ، بەڵام هیچی لەگەڵ ناکرێت.





**پالێتی ڕەنگ:**

ئەو نیگارکێشانەی پێیان وایە ڕەنگی ئاکریلیک خێرا ویشک دەبێتەوە ، دەتوانن لە پالێتی تایبەت بە ڕەنگی ئاکریلیک کەڵک وەرگرن کە دەتوانێت ڕەنگەکان بۆ ماوەی چەند ڕۆژ ڕاگرێت. ئەگەر ئێوە هەموو ڕۆژێک وێنە دەکێشن ، ئەم پالێتانە زۆر گوونجاوە لەبەر ئەوەی چیتر ناهێڵێت ڕەنگەکان زوو فڕێ بدەن. دەکرێت لە پالێتی ئاسایی یان پالێتی سەفەری-ش بۆ ئاکریلیک کەڵک وەرگرن ، بەڵام لە بیر نەکەن ، پاش بەکارهێنان ڕووبەری پالێتەکە خاوێن کەنەوە. دووا کەڵوپەلی لاوەکی؛ پالێتی تایبەتی ئاکریلیکە، کە لەبەر ئەوەی دەتوانن تا چەند ڕۆژ ڕەنگەکان وەک خۆی ڕاگرن ، زۆر ناسراو و باون.

**فڵچە:**

**هونەری هەڵبژاردنی فڵچەی گونجاو:**



هەنوکە هونەرمەندان بۆ هەڵبژاردنی فڵچەی گونجاو، پانتاییەکی بەرینیان لەبەرەو بژاردەیەکی بەرفراوانیان لەبەردەستە. جۆراجۆری فڵچە هێندە زۆرە کە جاری وایە هەڵبژاردنیی زۆر سانا نییە. سەری فڵچە لانیکەم ١٤ شێوەیە و هەرکام تاڵەکانیان جیاوازن. کەوابێت چۆن ئەتوانین لەناویان دا، فڵچەی گونجاو هەڵبژێرین؟

ئەزموونی تاکەکەسی دڵنیاترین ترین ڕێنوێنییە. هەر نیگارکێشێک بە پێی شێوازی ئیشی خۆی فڵچە ی تایبەتی خۆی هەڵدەبژێرێت. هەر لەرووی ئەو ئەزموونانەی هونەرمەندان و پسپۆڕییەکانی تایبەت بە بەرهەمهێنانی فڵچە، کۆمپانیای وینزۆر و نیۆتن لەسەر بنەمای گونجانی هەر جۆرە فڵچەیەک لەگەڵ تێکنیکێکی تایبەتی نیگارکێشان، هەندێ ڕینوێنی بۆ هونەرمەندان دەرکردووە.

شەش فاکتەری گرینگ لە هەڵبژاردنی فڵچە دا ڕۆڵیان هەیە:

- جۆری ئەو تاڵە ی سەری فڵچەکەی لێ دروست کراوە(توکی سەری فڵچەکە).
- قیاس و شێوەی سەری فڵچەکە.
- درێژایی وهاوسەنگی دەسکی فڵچەکە.
- مێدیۆمی وێنەکێشان.
- ئەو ڕووبەرەی وێنەی لەسەر دەکێشرێتەوە.
- فاکتەرێک کە بۆ قیاسکردن نابێت، واتە شێوازی تایبەتی نیگارکێش.



**جۆری توك : سروشتی و دەستکرد**

تا سەدان ساڵ، ئەو کەسانەی فڵچەیان دروست دەکرد، لە مەوادی سروشتی وەک توکی سەگاوکی کلینسکی، ڕسق، بزن، سمۆرە و هەروەها توکی زبرتری (دڕتر) گیاندارانێک وەک جووانەگا و ئاژەلیتر کەڵکیان وەرگرتووە.

لەم ساڵانەی دوواییدا، توکی دەستکرد زۆر بەکارهاتووە. بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە تووکانە کە تێچووشی کەمترە، بە مەبەستی دروستکردنی تووکێک بووە کە لە توکی سروشتی بچێت. لە هەندێ حاڵەتدا وەک وێنەکێشان بە ئاکریلیک، ئەو جۆرە فڵچانە باشترن.

کۆمپانیای «وینزۆر و نیۆتن»، هەندێ فڵچە لە تووکی سروشتی وەک توکی سەگاوکی کلینسکی



و توکی زبری بەراز دروست کردووە و هەندێکی تریش لە توکی سروشتی و دەستکرد پێکەوە ، بەرهەم هێناوە.

فڵچەکان شێوە و پێوەر و کوالیتەی جیاوازیان هەیە. زۆربەی وێنەکێشانی ئاکریلیک لە فڵچەی زبریش و فڵچەی نەرمیش کەڵک وەردەگرن. فڵچەی زبر بۆ رەنگی خەست گونجاوە و بۆ تێکنیکی مینیاتۆری یان ئاورەنگ فڵچەی «سکێپتر گۆلد» (Sceptre Gold) گونجاوە کە لە توکی دەستکرد و توکی سەگاوک دروستکراوە. بەڵام لەم ساڵانەی دوواییدا هەندێ فڵچە لە موی دەستکرد بۆ وێنەکێشانی ئاکریلیک بەرهەم هاتووە. لەمانە دەکرێ ئاماژە بکەین بە فڵچەی «گالێریا» کە زۆرپتەو و تایبەتمەندی هەڵگەرانەوەی ( ئیسپرنگی) هەیە و هەروەها توانای کۆنترۆڵی رەنگەکەیان هەیە و وەک فڵچەی سپی زبر لەناو ئاودا نەرم نابنەوە.



**فڵچەی تایبەت بە رەنگی ئاکریلیك:**

ئاکریلیک لەبەر ئەوەی بۆ مەبەسەتی جۆراجۆر بەکار دێت دەگەڵ بازنەیەکی بەرفراوانی فڵچە گونجاوە. کاتێک ئاکریلیک وەکوو رەنگە رۆنییە باوەکان و گریفین ئالکید بە مەبەستی دروستکردنی ئاژوساو بەکار دێت، دەبێت لە فڵچەی زبر سوود وەرگیرێت. لە لایەکیترەوە ، توکی سەگاوک یان توکی دەستکرد کە نەرمترن؛ بۆ وەرنی لێدان، تێکنیکی ئاورەنگ یان توێژی نازک و روون و هەر

شوێنێک کە پێویستی بە ڕەنگی تراو و ڕوون بوو، بەکار دێن. بەم فڵچانە دەتوانن ڕەنگەکە بە یەکدەستی و بێ ئەوەی شوێنی فڵچەکە بە جێ بمێنێت، بڵاو بکەنەوە. زۆربەی نیگارکێشەکان بە تایبەت ئەوانەی ڕەنگی ئاکریلیک (کە خێرا ویشک دەبێتەوە) بەکاردێنن، دەزانن کە ئەو فڵچە نوێیە سەرپانانەی بە توکی دەستکرد دروست دەکرێن بۆ ئەم مەبەستە زۆر گونجاون.


**گرینگی شێوەی سەری فڵچە:**











دوو فاکتەری گرینگ بۆ کارکردنی فڵچە؛ کوالیتەی توکی فڵچەکە و شێوەی سەری فڵچەکەن. شێوازی تایبەتی نیگارکێش و هەروەها قۆناغەکانی وێنە کێشانەوە؛ شێوەی سەری فڵچەکەمان بۆ دیاری دەکەن.

شێوەی سەری زۆربەی فڵچەکان دەرخەری جۆری بەکار هێنانیان. بەڵام لە کاتی هەڵبژاردنی فڵچە هەندێک خاڵی گرینگیتریش وەک هەڵگرتنی ڕەنگەکە دەبێت ڕەچاو بگیرێت. بۆ وێنە، فڵچەیەک کە سەری پان و کورتی هەیە لە فڵچەیەک کە سەری درێژ و خڕە، ڕەنگی کەمتر هەڵدەگرێت.

بە شێوازێکی کلاسیک؛ شێوەی فڵچەی خڕ، زۆر باوە. ئەو شێوەیە فرە مەبەستە، لەبەر ئەوەی دەتوانێت نازکترین هێڵەکان بکێشێتەوە و چوون شێوازێکی پڕی هەیە، دەتونێت ڕەنگێکی زۆر هەڵگرێت و ئەو خاڵە لە ئیشی ئاوڕەنگ دا زۆر گرینگە. فڵچەی «درێژی نوک پان» بۆ داپۆشاندنی ڕووبەری گەورە بە ڕەنگی تراو گونجاوە، بەڵام فڵچەی «ماپ» بۆ تەڕکردنی کاغەز یان دانانی ڕەنگ بە ڕووبەری گەورەوە، دیزاین کراوە.

سەری فڵچە بۆ ئیشکردن بە ڕەنگی خەست وەک؛ ڕەنگی ڕۆنی، ئالکید و تەنانەت ئاکریلیک پێنج شێوەی جیاوازی هەیە:

- خڕ (Round)
- پان (Flat)
- پانی کورت (Short Flat)
- زمانی پشیلە (Filbert)
- باوەشێنی (Fan)

فڵچەی پانی کورت لەوانیتر زیاتر باوە لەبەر ئەوەی ڕەقترە و بۆ نەهێشتنی شوێنە نارێکەکانی ڕەنگەکە و داپۆشان و هەروەها جوڵەی بەهێز، خێرا و وردبینانە زۆر گونجاوە.

فڵچەی پان خۆگونجێنترە و جوڵەی فڵچەکە نەرمتر و نازکتر دەکات، فڵچەی زمانی پشیلەیی تایبەتمەندی هەروەک فڵچەی پان و خڕی هەیە و بۆ جوڵەی ناسکیش و جوڵەی بەهێز و گوشەداریش دەبێت. فڵچەی باوەشێنی بۆ دروستکردنی لایت (ڕوناکی) لە ناو وێنەکێشانی پۆرترەیت، کاڵ کردنەوە و حاڵەتی قەڵیشاوی ڕەنگ بۆ گەڵای دار و بنچکەکان لە تابلۆی دیمەن و سروشت دا گونجاوە.



**هونەری دروستکردنی فڵچەی گونجاو:**

لە بەشی دروستکردنی فڵچە لە کۆمپانیای وینزۆر و نیوتن، تێکنۆلۆژیا لە خزمەتی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا دایە و قۆناغەکانی بەرهەمهێنان بە وردی بینییەوە بەڕێوەدەچێت و لە بەشی هەڵبژاردنیپێداویستییە سەرەتاییەکانیش هەمان وردبینی هەیە.

**سەری فڵچە:** دیزاین و بەرهەمهێنانی سەری فڵچە بە باشترین کوالیتە هونەرێکە کە ئێمە تەنیا دەیسپێرینە کەسانێ کە ساڵانێکی زۆر لەو بووارەدا ئیشیان کردووە، ئەو ئیشە پێویستی بە هەبوونی زانیاری زۆرە سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی جۆرەکانی توک، هەتاوەکوو بکرێت توکەکان بە پێی تایبەتمەندیيە سروشتییەکانیان پێکەوە ببەستن تاوەکوو سەردەمێکی زۆر شێوەی تێک نەچێت. (کارێکە هیچ ئامێرێک ناتوانێ بیکات.)

ئێمە یەکێکین لەو دەگمەن شوێنانەی بۆخۆمان فڵچەی سەگاوک دروست دەکەین، بۆ ئەم فڵچەیە توکی سەگاوکی کلینسکی بەکاردێنین کە زیاترین حاڵەتی ئیسپرینگی هەیە، ئەستوری توکەکان جیاوازە و دەابێت جۆرێک پێکەوە ببەسترێن کە نوکەکەی شێوەیەکی تیژی بێت، بۆ ئەم کارە، ئێمە توکەکان رێک بە پێی ستاندارد هەڵدەبژێرین و لە هەڵبژادنی توکی فڵچەکەدا؛ حاڵەتی ئێسپرینگی ، پتەوی، درێژایی و رەنگ رەچاو دەکەین.

بۆ فڵچەی زبر، توکی زبری چانکینگ بەکاردێنین کە بە پێی ئەزموونمان لە باشترینەکانە و هەروەها بەوپەڕی وردبینیەوە لە پرۆسەی دروستکردن دا هەوڵ دەدین چەماوی تووکەکان بۆ ژوورەوە بێت . باشی ئەم پرۆسەیە لەوەدایە کە نیگارکێشەکە دەتوانێت بە فڵچە رەنگەکە کۆنترۆڵ بکات.

هەر بەم شێوەیە، کاتێک تووکی دەسکرد بە تەنیایی یان لەگەڵ توکی سەگاوک دەبەستین زەحمەتی زۆری لەسەر دەکێشین تا وا بەکاریان بێنین، تەواوکەری یەکتر بن.

پاچکەی کانزایی: پاچکەیەکی کانزایی گونجاو کاریگەری زۆری لەسەر کار و تەمەنی فڵچەکە دەبێت. لە کۆمپانیای وینزۆر و نیوتن، پاچکە کانزاییەکان وا بە وردبینی هەڵدەبژێرین کە نەشکێن، پیس نەبن و ژەنگ نەهێنن.

سەرەتا توکەکان پێکەوە دەبەسترێن و بەرلەوەی دەسکیان لێ بدرێت، لەناو پاچکەیەکی کانزایی دا توند دەکرێن.

**دەسك:**

گشت دەسکەکان لە رەگەزی داری دارستانی ویشکەوەبوو، دروست دەکەین تاوەکوو شێوەیان بە پێی کێش و درێژایی هاوسەنگ بێت.

فڵچەی دەسک درێژ بۆ وێنەکێشان بە رەنگی رۆنی، ئاکریلکی و گریفین ئالکید گونجاوە و فڵچەی دەسک کورت بۆ ئاوڕەنگ و ئیشی ناسک بە رەنگی رۆنی و ئالکید گونجاون.

بۆ ئەوەی دەسکی فڵچەکان خوار نەبن، سەرەتا لەناو کورەدا وێشکیان دەکەنەوە، پاشان زەخەرەیان لێدەدەن و دوواتر دوو چین وەرنیان لێدەدەن، بۆ وەی نەقڵیشین و بۆ ماوەیەکی زۆر بەرگە بگرن.

**جۆرەکانی فڵچە:**

**سەگاوکی کلینسکی (Kolinsky Sable)**



ئـەم فڵچانە لـە باشترین توکی سـەگاوکی کلینسکی و بـە دەسـت دروسـت دەکرێـن، بە گشتی بەرهەمهێنانی ئەو فڵچانە لەسەر بنەمای کوالیتەیەکی بێهاوتا بەڕێوەدەچێت هەتاوەکوو بە ناسکییەکی زۆر، ویست وخواستی هونەرمەندە شارەزاکان بێنێتە دی. ئەم فڵچانە یان فڵچەی (Sceptre ) بۆ گلایزینگ یـان ئیش لەسەر بەشە بچوکەکان گونجاوترە لە فڵچەکانیتر، لەبەر ئەوەی بەو فڵچانە دەکرێت ڕەنگەکە بە شێوەیەکی یەکدەست لێ بدرێت، بێ ئـەوەی شوێنی فڵچەکە دیار بێت. دەسکی ئەم فڵچانە ئەو دەرفەتە دەداتـە نیگارکێش کە مەودایەکی گونجاوی لەگەڵ کانڤاسەکە ببێت.

لە کۆمپانیای «وینزۆر و نیۆتن» بەرهەم هێنانی گشت قیاسەکانی ئەو فڵچانە دەدرێتە دەسـت ئـەو ژن و پـیـاوانـەی لانـیـکـەم ١٥ سـاڵ ڕاهێنانیان پێکرابێت. بە هـۆی وردبینی وماندووبوونێکی زۆر بۆ دروستکردنی بەش بە بەشی ئەو فڵچانە ( لەو دەسکە وەرنی لێدراوە نیلی ڕەنگانەی کلینسکی-یەوە بگرە هەتاوەکوو ئەو پاچکە کانزاییانەی لە نیکل دروست کراون) ، ئەم فڵچانە ساڵانێکی زۆر خزمەتی هونەرمەند دەکەن . لە سینەما و شانۆ دا بۆ گریم زۆر بەکار دێن، جگە لەمە جۆرەکانی پان و خڕی ئەم فڵچانە لە بووارەکانی مەیکاپ و گریم و چاندنی نینۆکی خانمان زۆر ناسراون.

بازنەی هەڵبژاردنی فڵچەکانی سەگاوکی کلینسکی زۆر بەرفراوانە و ٨ زنجیرە فڵچەی جیواز دەگرێتە خۆ کە هەرکام لە زۆر ورد دەستپێدەکات هەتا زۆر ئەستور.

**خاڵێکی گرینگ:** بۆ ئـەوەی ئەم فڵچانە (کە زۆر نەرمن) زوو تێکنەچن و نەڕزێن، دەکرێت ڕەنگەکان بە فڵچەیەکی زبر لەسەر پالێتەکە تێکەڵ بکرێن و دوواتر بەو فڵچە ناسکانە لەسەر کانڤاسەکە ئیشی پێ بکرێت .







**مۆنارك (Monarch):**

توکی سروشتی دەڵەگ، ماوەیەکی زۆر بە جێگرەویەکی زبرتر بۆ توکی سەگاوک دادەنرا، چوون تایبەتمەندی هەڵگەڕانەوەی زیاتر و بۆ گوواستنەوەی رەنگی خەست گونجاوتر بوو، بەڵام هەنوکە رەچەڵەکی ئەم گیاندارە خەریکە لەناو دەچێت، هەر بۆیە ئێمە جێگرەوەی دەسکردی ئەو جۆرە توکەمان درەستکردووە، کە تایبەتمەندییەکانی هەروەک جۆری سروشتییەکەی دەچێت و تەنانەت رووالەتیشی وەک توکی سروشتیە کە وایە. فڵچەی مۆنارك لە نایابترین جۆرەکانی تاڵی دەسکرد دروستکراوە تا کاتی ئیشکردن بە رەنگی خەست، نەرمی پێویستیان هەبێت، فڵچەی زۆر زبر جاری وایە بۆ تێکەڵاوکردنی رەنگەکان زۆر درە و فڵچەی سەگاوکیش بۆ کێشانەوەی وردەکارییەکان و دروستکردنی ئاژوساو زبریی کەمە، بەڵام نەرمیی مۆنارك لە مابەینی ئەو دوو جۆرە فلچەیە دایە.

لەبەر ئەوە، کاتێک فڵچەی سەگاوک زۆر نەرمە و فڵچەکانی تر زبرن، بە کارهێنانی فڵچەی مۆنارك بە جێیە. ئەم فڵچەیەش وەک فڵچە پرۆفێشناڵەکانیتر جۆری جیاوازی هەیە. خڕ، پان، پانی کورت، فیلبێرت، فیلبێرتی کورت و باوەشێنی؛ کە دەسکی هەموویان درێژە. جگە لەمانە فڵچەیەکی یەک ئینچیش لەو زنجیرەیەدا هەیە کە بۆ وەرنی لێدان و گلایزینگ دروست کراوە.



**وینتۆن: (Winton)** ئەو هونەرمەندانەی بە رەنگی رۆنی ئارتیست، وینتۆن، گریفین ئالکید و یان ئاکریلیک کار دەکەن؛ پێویستیان بە فڵچەگەلێک هەیە کە بتوانرێت جولەی دروست و گونجاوی پێ بکرێت و لەهەمان کاتیشدا ، لێوارەکەی خراپ نەبێت، واتە بە

سانایی کۆنترۆڵ بکرێت. بەسەرنجدان بەو بابەتە، فڵچە زبرەکانی ( Winton یان( Hog  بۆ دەستپێکردنی کار بە ئاکریلیک گونجاون. لەبەر ئەوەی هەندێجار رەنگی ئاکریلیک خەستە و کانڤاسەکەش زبرە. لە لایەکیترەوە پسپۆڕانمان، نایابترین جۆری توکی زبر لەم فڵچانەدا بەکار دەهێنن. بە پێی لێکۆڵینەوەی ورد، هەر جۆرە تووکێک چەمانەوەی سروشتی و تایبەت بە خۆی هەیە و هەوڵ دەدرێت توکەکان جۆرێک دابنرێن کە نووشتانەوەی سەری فڵچەکان بۆ ژوورەوە بێت.

**ئارتیزان: (Artisan)**



ئێوە دەتوانن لەهەردوو جۆری فڵچەی سروشتی و دەسکرد کەڵک وەرگرن، بەڵام کاتێک بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ سەرقاڵی تابلۆیەک دەبن، رەنگە فڵچە سروشتییەکان بە هۆی بەکارهێنانی بەردەوامی ئاو، بەرەبەرە نەرم ببنەوە. لەو ساڵانەی دواییدا، «وینزۆر و نیۆتن» بۆ حاڵەتی وەها (واتە کار کردن بە رەنگی ئاکریلیک) جۆرێک فڵچەی بە تووکی دەسکرد بەرهەم هێناوە. فڵچەکانی ئارتیزان، بە جۆرێک تووکی دەسکرد دروستکراون کە بە چەشنی تووکی زبری سروشتی قایمن، ئەم فڵچانە لە کاتێ بە ئاو کاریان پێ دەکرێت نەرم نابنەوە.

بۆ بەکارهێنانی رەنگی تراو و هەروەها بۆ ئەوەی رەنگەکان بە باشی تێک هەڵکشێن، فڵچە نەرمەکان بەکار بێنن، ئینجا چ فڵچەکان توکی سەگاوک بن یان توکی دەسکرد یان تێکەڵی هەرکیان.

لە هەموو حاڵەتەکاندا، بۆ ئەوەی فڵچەکان تێک نەچن، پاش بەکارهێنانیان بە جووانی بیانشۆنەوە.

**سکێپتێر گۆڵد: (Sceptre Gold)**

لە فڵچەکانی سکێپتێر گۆلد دا ، ئێمە بە شارەزاییەوە توکی سروشتی سەگاوک و تاڵەکانی تووکی دەسکردمان تێکەڵ کردووە، بۆ ئەوە ستانداردێکی نوێ بۆ بەکارهێنانی فڵچەکە دروست بکەین. هەر جۆرە تووکێکی سروشتی تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لە پاڵ تووکی دەسکرد، توانایی و دەرفەتی بەکارهێنانی جۆراجۆر دەخەنە بەردەست هونەرمەند.

تایبەتمەندییەکانی تووکی سەگاوکی کلینسکی، بۆتە هۆی پەسەند بوونی زیاتری . حاڵەتی هەڵگەڕانەوەی گونجاو، توانای هەڵگرتن و راگرتنی رەنگ و هەروەها کوالیتەی بەرزی سەری فڵچەکە

هەواڵنامەی کتێب







سەرەرای زۆر بەکارهێنانی، لە تایبەتمەندییەکانی ئەو فڵچەیەن.

تاڵی دەسکرد دەبنە هۆی قایم بوون و پتەو بوونی فڵچەکە و لە باری ئابووریشەوە گونجاوترن، بەشەکانی تری ئەو جۆرە فڵچەیەش وەک فڵچەکانیتر بە وردبینییەوە دروست دەکرێن، دەسکی فڵچەکان لە نایابترین جۆری داری دارستان بەرهەم دێن و سەرەتا بە توێژێک ئاستەر (زەخەرە)، دوواتر بە توێژێک رەنگ و لە کۆتاییدا بە توێژێک وەرنی دادەپۆشرێن.

پاچکەی کانزایی فڵچەکان ، بێ ئەوەی بقەڵشین، پاش پولیش کردن تریسکەیەکی زێرین و پرشکۆ دەگرن کە کوالیتە و ناوی فڵچەکەمان نیشان دەدەن .

فڵچەی سکێپتێرگۆڵد، بەکارهێنانی جۆراجۆر و فراوانی هەیە ( ئاورەنگ، گرافیک، ئاکریلیک، رەنگی رۆنی تراو و گریفین ئالکید) و لە سایز و جۆری جیاواز دا بەردەستن.

**گالێریا: (Galeria)**



فڵچەکانی گالێریا تایبەت بە رەنگی ئاکریلیک دروستکراون. لەبەر ئەوەی رەنگی ئاکریلیک فرەمەبەستن، ئەو فڵچانەی بەکار دێن دەبێت باش بن، فڵچەکانی گالێریا پتەون و نەرمییەکی باشیان هەیە. ئەو فڵچانە تەنانەت بۆ گشت جۆرەکانی رەنگی رۆنی-ش دەبن.

پێکهاتەی نایابی توکی پۆلی ئێستێر دەبێتە هۆی ئەوەی هونەرمەند بە تەواوی کۆنترۆلی بەسەر بارِست و شێوازی کار بە رەنگەدا هەبێت. ئەم تاڵانە بە توێژێکی بریقەدار داپۆشراون تاوەکوو بە ساناییی بە ئاو بشۆرێنەوە و شێواز و فۆرم و حاڵەتی خۆیان بپارێزن. جۆری پانی ئەم فڵچانە بە شێوەیەک دیزاین کراوە، کە سەری فڵچەکە نەکراوتەوە و بەم چەشنە بۆ کێشانەوەی هێڵی یەکدەست و یەک قەوارە زۆر تەواوە.

فڵچە دەسک درێژەکانی گالێریا بۆ ئیشی رەنگی رۆنی خەست و کەنڤاسی زبر گونجاوترن. سەری فڵچەکان شێوەی جیاوازیان هەیە کە بە مەبەستی جیاواز دروستکراون. فڵچە دەسک کورتەکانی گالێریا، سەریان نەرمترە و بۆ ئیشی ورد و رەنگی تراوتر گونجاون . گشت فڵچەکانی ئەو تاقمە، بە دەسکێکی تۆخی تایبەت و پاچکەی کانزایی درەەوشاوە، دەناسرێنەوە.

هەموو جۆرەکانی؛ خڕ، کورتی پان، فیلبێرت، سینگل ستریک بە دەسکی درێژ و خڕ ، سینگل ستریک بە دەسکی کورتەوە لەبەردەستن.

**هونەری پاراستنی فڵچە:**

ئەگەر فڵچەکان بە باشی ئاگاداری بکرێن، ساڵانێک خزمەتتان دەکەن و قەرەبووی تێچوویان دەکەن.

- فڵچەکان پاش بەکارهێنان خاوێن بکەنەوە، بە پەڕۆیەک رەنگەکە لەسەر تاڵەکانی فڵچەکە و پاچکەکەی بسڕنەوە (بە ئاسپایی پەڕۆکەی پێدابێنن).
- هەرگیز فڵچەکان سەرەوخوار مەخەنە ناو پەرداخەوە.
- پاش خاوێنکردنەوەی ریشاڵەکانی فڵچەکە، بەدەست تاڵەکانی رێکوپێک بکەن، دەسکەکەی ویشک کەنەوە و رووەە سەرەوە بیخەنە ناو پەرداخەوە با ویشک بێتەوە.
- ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر فڵچەکان بەکارناهێنن، وایان هەڵگرن کە مێروو لێی نەدات و هەوڵ بدەن تەواو پاکیان کەنەوە نەوەکوو برش هەڵێنێت.

**دەربارەی رەنگی ئاکریلیک:**




هەرگیز رێگە مەدەن رەنگی ئاکریلیک بەسەر فڵچەکەوە ویشک بێتەوە، هەموو جارێک پاش تەواوبوونی کار، فڵچەکان بەئاوی سارد بشۆنەوە، دەتوانن بە جیاتی سابوون لە ئارت جێل (Artgel) کەڵک وەرگرن. هەرگیز ئاوای کوڵاو بەکار مەهێنن چوونکە لەوانەیە رەنگەکە بەسەر فڵچەکەوە بگیرسێت، هەروەها هەرگیز بە جێگای سابوون ، تایت بە کار مەهێنن.

بۆ خاوێنکردنەوەی فڵچەی دەسکرد هەمان شێوازی خاوێنکردنەوەی فڵچەی سروشتی بەکار بێنە و ئەگەر فڵچەکە تێکچوو، یەک یان دوو خولەک لە ئاوی کوڵاوی بنێ و پاشان بە دەست رێکی بخەرەوە.

هەریەک لە فڵچەکانی «وینزۆر و نیۆتن» تارادەیەک بە شێوازی کلاسیک و تارادەیەکیش بە یارمەتی تێکنۆلۆژیا بەرهەم دێن، تاوەکوو لەگەڵ پێداویستییەکان و شێوازی جیاوازی هونەرمەندەکان بگونجێن. تەنیا تاقیکاری و ئەزموون دەتوانێت پێتان بڵێت کامە فڵچە بۆ کارەکەتان گونجاوە، بەڵام هەڵبژاردنەکەتان هەرچییەک بێت، هەمیشە دەتوانن لە کوالیتەی بەرز و بایەخی زۆری فڵچەکانی «وینزۆر و نیۆتن» دڵنیا بن.

## شێوازەکانی بەکارهێنانی ئاکریلیك:

### وێنەکێشان لەسەر کەلوپەلی یاری منداڵان ، بووکەڵە و پەیکەرەی بچووك:






وێنەکێشان لەسەر کەلوپەلی یاری منداڵان هەمیشە باو بووە و ئیستاشی لەگەڵدا بێت هەیە، بەڵام لە رابردوودا هونەرمەندەکان ناچار بوون رەنگ بە کوالیتەی نزم بەکاربێنن کە لەگەڵ ستانداردەکانی کەلوپەلەکان یەک بگرێتەوە و هەروەها ژەهراویش نەبێت. بۆ ئەم مەبەستە ، رەنگەکانی «فینیتی کۆنستانتریَ» نەک تەنیا بۆ وێنەکێشان بە شێوازی کلاسیک دەبێت، بەڵکو بۆ وێنەکێشان لەسەر کەلوپەلی یاری منداڵانیش گونجاون. (جگە لە کادمیۆمەکان و کۆباڵتەکان) . رەنگەکانی ئاکریلیکی «گالێریا»-ش بۆ ئەم مەبەستە تەواو ستانداردن و نرخیشیان زۆر باشە.

**جۆری کەلوپەلەکان:** لە پلەی یەکەم دا ئەو کەلوپەلانەی دارینن و دوواتر ئەوانەی بە گشتی رووبەری چەور یان زۆر سافیان نییە، گونجاون.

**ئامادەکاری:** دارەکە سمارتە بکە، دوواتر بە وایت سپریت خاوێنی کەوە، دەتوانیت راستەوخۆ لەسەر رووبەری دارەکە وێنە بکێشیت، ئەگینا گەر دەتهەوێت لەسەر رووبەری سپی کار بکەی، سەرەتا دەستێک رەنگی سپی تیتانیۆم-ی لێبدە.

**هەڵبژاردنی رەنگەکان:** جگە لە رەنگەکانی گالێریا کە لە لاپەڕە ی رەنگەکان دا پێشنیارمان کرد، رەنگی رەشی مارس و رەنگەکانی مێتالیک-یش بۆ ئەو کارە باون.

**پێرستی پێداویستییەکان:**
کاغەزی سمارتە، وایت سپریت، رەنگەکانی فینیتی کۆنستانتریَ یان گالێریا، فڵچەکانی گالێریا، وەرنی تایبەت بە مۆبیلیات.

**شێوازی ئیشکردن:** پێویست ناکات رەنگەکان بە ئاو تراو بکرێنەوە ، لەبەر ئەوەی فڵچە دەسک کورتەکانی گالێریا بە باشی دەتوانن رەنگەکە کۆنترۆڵ بکەن.

کاتی پێویست بۆ ویشک بوونەوە: لە ماوەی ۲۰ خولەک دا رەنگەکان ویشک دەبنەوە و پاش ٤٨ کاتژمێر دەکرێت کارەکە وەرنی لێ بدرێت.

**پاراستن:** دەکرێت کەلوپەلی یاری بە وەرنی تایبەت بە مۆبیلیات داپۆشرێت، وەرنی « پۆلی یوریتان » و هەروەها وەرنییەک کە ئاوی تێدا بەکار هاتووە؛ گونجاون. لە بیر مەکەن، ئەو وەرنییەی بەکاری دێنن دەبێت لەگەڵ ستانداردەکانی تەندروستیی کەلوپەلی یاری، یەک بگرنەوە.

**وێنەکێشان لەسەر گوڵدان و دیزە و گۆزەی گڵینە:**



**پێرستی پێداویستییەکان:**
مێدیۆمی شلکەرەوەی ماتی ئاکریلیک، جێسۆ پرایمەری سپی ئاکریلیک یان گالێریا، ڕەنگەکانی فینیتی کۆنستانتریَ یان گالێریا، فڵچەکانی گالێریا، جێلی تێکسچێر، وەرنی پۆلی یوریتان.

لەسەر دیزە و گۆزەی سواڵەت ، دەکرێت نەخشەگەلێکی ڕازاوە و بێهاوتا بکێشرێنەوە. بە دڵنیایی ئەو کارە، سەرگەرمییەکی کەم تێچوو و لە هەمان کاتدا بە نرخە.

**ئامادە کاری:** بۆ داپۆشانی قەڵشتی ڕووبەری گوڵدانەکە، یەکەم جار ژوورەوە و دەرەوەی گوڵدانەکە بە مێدیۆمی شلکەرەوەی ماتی ئاکریلیک داپۆشن و لێی گەڕێن تا ویشک دەبێتەوە.



ئەگەر دەتانەوێت ڕووبەری کارەکە سپی بێت، بە جێی ئەم مێدیۆمە لە جێسۆپرایمەری سپی ئاکریلیک سوود وەرگرن.

**هەڵبژاردنی ڕەنگەکان:** ڕەنگەکانی فینیتی و گالێریا هەرکیان باشن، ڕەنگە پێشنیارکراوەکان بۆ هەر دوو گروپەکە، لە لاپەڕەی بەکارهێنانی ڕەنگەکان دا ، ڕوون کراونەتەوە. جگە لەم ڕەنگانە، دەتوانین جێلی تێکسچیر و ڕەنگە مێتالیکەکانیش بۆ بەدیهێنانی دەرکەوتە تایبەتەکان بەکار بێنین.

**شێوازی ئیشکردن:** واباشترە بە فڵچەیەکی دەسک کورت وەک گالێریا کار بکەن ، چوونکە ئەو فڵچانە زۆر بە باشی ڕەنگەکە کۆنترۆل دەکەن و پێویست ناکات بە ئاو تراو بکرێنەوە. (ئەگەر ڕەنگی فینیتی کۆنستانتریَ بەکار دێنی، دەبیَ لە هەڵبژاردنی فڵچەکەدا وردبین بیت ، لەبەر ئەوەی ئەو ڕەنگانە بۆ ئیشی ڕازاندنەوە دیزاین کراون) دەبێت ژوورەوەی گوڵدانەکەش ڕەنگ بکرێت، بۆ ئەوەی شیَ هەڵنەگرێت.

کاتی پێویست بۆ ویشک بوونەوە: لە ماوەی ٢٠ خولەک دا ڕەنگەکان ویشک دەبنەوە و پاش ٤٨ کاتژمێر دەکرێت کارەکە وەرنی لیَ بدرێت.

**پاراستن:** دەر و ژووری گوڵدانەکە، بە وەرنی پۆلی یوریتان داپۆشن . ئەگەر گوڵدانەکە لە شوێنی کراوە دادەنرێت واباشترە وەرنی تایبەت بەکار بێت.

**نەخش و نیگار بۆ جووانکاری لەسەر رووبەر و مۆبیلیاتی دارین:**

رەنگە ئاکریلیکەکان لەبەر ئەوەی خێرا ویشک دەبنەوە بۆ نەخشاندنی مۆبیلیات بژاردەیەکی بە جێن.



**پێرستی پێداویستییەکان:**
کاغەزی سمارتە، جێسۆ پرایمەری ئاکریلیک یان گالێریا، رەنگەکانی فینیتی یان گالێریا، وەرنی مات یان بریقەداری ئاکریلیک ، وەرنی مۆبیلیات.

**جۆری دار:** داری تازە یان دارێک کە پێشتر خۆش کرابێت بۆ ئەم مەبەستە گونجاوە.

**ئامادەکاری:** دارەکە سمارتە بکەن. ئەگەر رووبەری دارەکە پێشتر بە توێژێکی چەور داپۆشراوە، دەبێت بە سمارتە یان شفرە لێیبکەنەوە. ئەگەر دەتانەوێت رووبەری کارەکە سپی بێت، لە جێسۆپرایمەری سپی ئاکریلیک سوود وەرگرن.

**هەڵبژاردنی رەنگەکان:** رەنگەکانی فینیتی و گالێریا هەرکیان باشن، رەنگە پێشنیارکراوەکان بۆ هەر دوو گروپەکە، لە لاپەرەی بەکارهێنانی رەنگەکان دا ، روون کراونەتەوە. بۆ پەتینە رەنگی روون پێویستە، بەڵام بۆ رووبەری تەخت و بۆ مات کردن، رەنگی مات پێویستە. رەنگە مێتالیکەکانیش لەبەرئەوەی بریسکەیان لە ناو ناچیت، باون.

**شێوازی ئیشکردن:**

- **پەتینە:** رەنگەکە بە مێدیۆمی شلکەرەوەی مات یان بریقەداری ئاکریلیک ( ئەگەر پێویستی بوو بە چۆرێک ئاو) تراو بکەنەوە و بە پارچە پەرۆیەک لەسەر رووبەرەکەی بدەن.



- **مات و گلایزینگ:** ڕەنگەکە بە مێدیۆمی شلکەرەوەی مات یان بریقەداری تراو بکەنەوە، دوواتر بە پارچە پەڕۆیەک لە سەر ڕووبەرەکەی بدەن یان بە فڵچەیەکی زبر، بە شێوەی خاڵ خاڵ لەسەر ڕووبەرەکە ڕەنگ دابنێن.
- **نەخشەگەلێك بە ڕووبەری یەکدەست:** بە ڕەنگی یەکجار مات و بە کەمترین جووڵەی فڵچە دەکرێت ڕووبەری یەکدەست دروست بکرێت.

**کاتی پێویست بۆ ویشك بوونەوە:** لە ماوەی ٢٠ خولەک دا ڕەنگەکان ویشک دەبنەوە و پاش ٤٨ کاتژمێر دەکرێت کارەکە وەرنی لێ بدرێت.

**پاراستن:** دەکرێت بە وەرنی تایبەتی مۆبیلیات، نیگارەکە داپۆشرێت،هەروەها وەرنی پۆلی یوریتان یان وەرنییەک کە ئاوی تیا بێت ، گونجاوە.

## دیوار و دیواربەند:

لەبەر ئەوەی ڕەنگە ئاکریلیکەکان خێرا ویشک دەبنەوە، بۆ بەرهەمگەلێک بە قیاسی گەورە؛ چ لە شوێنی داخراو چ لە شوێنی کراوە ، زۆر بەکار دێن.

**جۆری دیوارەکە:** ئەگەر دیوارەکە نوێ نەبوو، پاش هەڵگرتنی توێژە کۆنەکە، واباشترە دیسان گەچکاری بکرێت. هەروەها نابێت دیوارەکە گرنی گرنی و تەپ و تۆزاویی وشێدار بێت ئەگینا دەبێت بە کەرستەی تایبەت وەک شفرە و ... توێژی بنەوە بکرێن.

**پێرستی پێداویستییەکان:**
سیکۆتینی کاغەزی دیواری، ئاستەر(زەخەرە)ی جێگیرکەر ، جێسۆ پرایمەری سپی ئاکریلیک، ڕەنگەکانی فینیتی یان گالێریا، وەرنی مات یان بریقەداری ئاکریلیک، وەرنی پۆلی یوریتان.

هەواڵنامەی کتێب



**ئامادەکاری:** ئەگەر دیوارەکە نوێ بێت ، دەبێت راوەستن تا گەچکارییەکە ویشک بێتەوە، پاشان توێژێک سیکۆتینی کاغەز دیواری و دوواتر توێژێک جێسۆ پرایمەری سپی ئاکریلیکی لێ بدرێت. ئەگەر دیوارەکە کۆن و شپرزە بوو؛ دەبێت بەر لە ئاستەری «وینزۆر و نیۆتن «، ئاستەری جێگیرکەر بەکار بێنن.

**هەڵبژاردنی رەنگەکان و شێوازی کار:** رەنگەکانی فینیتی و گاڵیریا هەرکیان باشن ، رەنگە پێشنیارکراوەکان بۆ هەر دوو گروپەکە، لە لاپەڕەی بەکارهێنانی رەنگەکان دا ، روون کراونەتەوە.

کاتی پێویست بۆ ویشک بوونەوە: لە ماوەی ٢٠ خولەک دا رەنگەکان ویشک دەبنەوە و پاش ٤٨ کاتژمێر دەکرێت کارەکە وەرنی لێ بدرێت.

**پاراستن:** بۆ ئەو دیواربەندییە نازکانەی ژوورەوەی بینا ، وەرنی مات یان بریقەداری ئاکەیلیک باشە. بۆ دیواربەندی دەرەوەی بینا ؛ وەرنی›› پۆلی یوریتان›› کە تایبەتی شوێنی کراوەیە، گونجاوترە.

## رەنگکردنی چوارچێوەی تابلۆ:



بە یارمەتی رەنگە ئاکریلیکییەکان ، بە باشترین شێوە دەتوانین چوارچێوەی تابلۆکان رەنگ بکەین ، بە تایبەت ئەگەر بمانەوێت شێوەی مێتالیکی هەبێت.

**جۆری چوارچێوە:** هەر جۆرە چوارچێوەیەکی دارینی نوێ یان سمارتەکراو گونجاوە، بەڵام چوارچێوەی بریقەدار یان چەور گونجاو نییە.

**پێرستی پێداویستییەکان:**
کاغەزی سمارتە، رەنگەکانی فینیتی کۆنستانتری، شلکەرەوەی ئاکریلیک، مێدیۆمی شلکەرەوەی مات یان بریقەداری ئاکریلیک، فڵچەی گالێریا، سیکۆتینی کاغەزی دیواری.



**ئامادەکاری:** رووبەری دارە خۆشکراوە کۆنەکان هەندێک سمارتە بکەن، بۆ ئەوەی هەندێک زبر بن.

**هەڵبژاردنی رەنگ:** رەنگەکانی فینیتی، بازنەیەکی بەرفراوانتریان هەیە و لەگەڵ وێنەکەش زیاتر تەبان. رەنگی سووری ئۆکسیدی ئاسن یان سەوزی ئۆکسیدی کرۆم، باشترین زەمینەن بۆ رەنگی زێرین و زیوین. رەنگە روونەکان بۆ پەتینە و رووبەری تەخت گونجاون. زەمینەیەکی سپی کە بە رەنگی روون داپۆشرابێت دەبێتە هۆی درەوشاوەتر بوونی بەرهەمەکە.

**شێوازی ئیشکردن:**

- **پەتینە:** بە فڵچە، توێ توێی تەنکی رەنگ لەسەر رووبەرەکە دابنێن. رەنگەکە بە مێدیۆمی شلکەرەوەی ئاکریلیک یان مێدیۆمی شلکەرەوەی مات/ بریقەداری ئاکریلیک تراو بکەنەوە. ئەگینا دەتوانن بە یارمەتی فڵچەی دەسک درێژی گالێریا کە تاڵەکانی کورت و تەختن؛ راستەوخۆ رەنگەکە لە تیوبەکەوە بەکار بێنن. ( تا فڵچەکە گەورەتر بێت، باشترە)
- **نیگاری «هەوروبا»:** دەفرێکی گەورە پڕ کەن لە سیکۆتینی کاغەزی دیواری و تراوی کەنەوە، چوارچێوەکە لە دەفرەکە هەڵکێشن و دوواتر بە گۆترە رەنگی بەسەردا بپرژێنن تا نەخشی لەسەر دروست بێت. ئەگەر پێویست بوو رەنگەکە بە مێدیۆم شل بکەنەوە . دوواتر چوارچێوەکە دەرێنن تا ویشک بێتەوە.


**کاتی پێویست بۆ ویشبوونەوە:** لە ماوەی ٢٠ خولەک دا رەنگەکان ویشک دەبنەوە، بۆ ئەوەی دووبارە رەنگ دابنێنەوە، کاتی زیاتری پێویستە.

**پاراستن:** پێویستی بە هیچ چەشنە مادەی پاراستن نییە.

هەواڵنامەی کتێب

## وێنەکێشان لەسەر تابلۆی شوێنە کراوەکان یان کەلوپەلی دارین:



**پێرستی پێداویستییەکان:**
تەختەی ئێم دی ئێف، دار، سمارتە، جێسۆ پرایمەری سپی ئاکریلیک، رەنگەکانی فینیتی یان گالێریا، پۆلی یوریتان تایبەتی شوێنی کراوە، وەرنی فڵچەی گالێریا.

زۆرجار داوا لە هونەرمەندان دەکرێت لەسەر تابلۆگەلێک وێنە بکێشنەوە کە لە شوێنە گشتیەکان یان ناوچە پارێزراوەکانی سروشت، دائەنرێن.

هەندێجاریش کۆمەڵێک لەم تابلۆیانە لە شوێنی بەلەم ئاژووتن یان کوچە باخەکان ئەبیندرێت. چوون ئاکریلیک خێرا ویشک دەبێتەوە دەکرێت زوو وەرنی لێبدرێت و کارەکە تەواو بکرێت.

**جۆری دار:** تەختەی ئێم دی ئێف پتەوترین جۆری دارە. جاران تەختەی مەعاکس بەکار دەهات بەڵام لەبەر ئەوەی زوو تێکدەچوو، برەوی نەما. دار تا ئەستوورتر بێت باشترە بەڵام دەبێت رەچاوی کێشی دارەکەش بکەین.

بە گشت جۆرە کۆلکە دارێکیش دەکرێت رووبەری تەخت و سادە دروست بکرێت.



**ئامادەکاری:** رووبەری دارەکە بە هێمنی سمارتە بکەن و دەستێکی جێسۆ پرایمەری ئاکریلیکی سپی لێ بدەن، پشت و لێوارەکانی دارەکەش لە بیر مەکەن تاوەکوو لار نەبێت. ئەگەر دەتانەوێت ئاژوساوی دارەکە دیار بێت، هەر ئەو بەشەی نیگارەکەی لەسەر دەنەخشێنن ئاستەری لێ بدەن.



**هەڵبژاردنی رەنگ و شێوازی کار:** رەنگەکانی فینیتی و گالێریا هەرکیان باشن ، رەنگە پێشنیارکراوەکان بۆ هەر دوو گروپەکە، لە لاپەڕەی بەکارهێنانی رەنگەکان دا ، روون کراونەتەوە. پێشنیاری ئێمە رەنگەکانی ریزیA و AA –یە لەبەر ئەوەی نابزرکێن.

**کاتی پێویست بۆ ویشك بوونەوە:** لە ماوەی ٢٠ خولەک دا رەنگەکان ویشک دەبنەوە و پاش ٤٨ کاتژمێر دەکرێت کارەکە وەرنی لێ بدرێت.

**پاراستن:** دەکرێت وەرنی پۆلی یوریتان کە تایبەتی شوێنی کراوەیە بەکار بێنن، پشت و لێوارەکانی دارەکە لە بیر مەکەن تاوەکوو بە با و باران تێکنەچێت.

## وێنە کێشان لەسەر قوماش (ئاڵا، چارۆکەی کەشتییەکان)




نیگار کێشەکان، پسپۆری و هونەری خۆیان بە شێوازی جۆراجۆر دەردەخەن بۆیەش سەیر نییە داوایان لێ بکرێت لەسەر ئاڵا، یان بە گشتی لەسەر قوماش وێنە بکێشنەوە. لەبەر ئەوەی

**پێرستی پێداویستییەکان:**
قوماشی چارۆکەی کەشتی لە جۆری پۆلییستێر یان خام، جێسۆ پاریمەری سپی ئاکریلیک، رەنگەکانی فینیتی یان گالێریا، فڵچەکانی گالێریا.

رەنگی ئاکریلیک خۆگونجێنەرە و وەک رەنگی رۆنی رۆناچێتە تان و پۆی قوماشەکەوە، بۆ وێنە کێشان لەسەر ئاڵا و چارۆکەی کەشتی گونجاوە.

**جۆری قوماش:** قوماشی پەموو یان پۆلیستێر (تایبەت بە چارۆکەی کەشتی)

**ئامادەکاری:** لەتە قوماشێکی پۆلیستێر بەر لە کڕین تاقی بکەنەوە. واتە راستەوخۆ هەندێک رەنگ بەسەر قوماشەکەدا بهێنن و ٤٨ کاتژمێر لێی گەڕێن تا ویشک ببێتەوە. پاش ویشک بوونەوە قوماشەکە لوول بدەن بزانن رەنگەکە هەڵدەوەرێت یان نا. ئەگەر هەڵوەری قوماشێک هەڵبژێرن کە بریسکەی کەمتر بێت. زەخەرە لێدان پێویست نییە، مەگەر پێویستیتان بە زەمینەیەکی سپی بێت ، کە دەتوانن جێسۆ پرایمەری سپی ئاکریلیک بەکار بێنن.

**هەڵبژاردنی رەنگ و شێوازی کار:** رەنگەکانی فینیتی و گالێریا هەرکیان باشن ، رەنگە پێشنیارکراوەکان بۆ هەر دوو گروپەکە، لە لاپەڕەی بەکارهێنانی رەنگەکان دا ، روون کراونەتەوە. ئەگەر ویستتان رەنگەکە تراو بکەنەوە، لە یاد مەکەن مێدیۆم و ئاو بە یەکۆ بەکار بێنن، بۆ ئەوەی قوماشەکە چرچ و لۆچ نەبێت، بەری قوماشەکەش رەنگ بکەن.

**کاتی پێویست بۆ ویشك بوونەوە:** لە ماوەی ٢٠ خولەک دا رەنگەکان ویشک دەبنەوە و پاش ٤٨ کاتژمێر دەکرێت بەرهەمەکە پیشان بدرێت.


**پاراستن:** وەرنی لێدان پێویست نییە لەبەر ئەوەی قوماشەکە رەق دکات. ئاڵاکە لوول مەکەن. ئەگەر ئاڵاکە لە شوێنێک هەڵواسرێت یان بە رێک داندرێت زیاتر بەرگە دەگرێت. ئەگەر ناچار بوون ئاڵاکە لوول بدەن ، وێنەکە لە رووکاری دەرەوە بێت باشترە.

## وێنەکێشان لەسەر چاکەتی چەرم (کەوڵ):



هەندێ لە هونەرمەندان سەرقاڵی وێنە کێشانەوەن لەسەر رووبەری چاکەتی چەرم بەو دیزاین و نەخش و نیگارانەی کڕیاران دەیانەوێت. رەنگە

**پێرستی پێداویستییەکان:**
کاغەزی سمارتەی نەرم ، کهول، جێسۆ پرایمەری سپی ئاکریلیک، رەنگەکانی فینیتی یان گالێریا، فلچەی گالێریا.



ئاکریلیکیەکان لەبەر ئەوەی خۆگونجێنەرن، بۆ ئەم مەبەستە باشن. لەبەر ئەوەی جلوبەرگ بەردەوام بەکاردێت ، دەبێت وێنەکە لانیکەم یەکسال بەرگە بگرێت. پاش یەکسال، نەرمی چەرمەکە خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی رەنگەکان بقەڵشێن.

**ئامادەکاری:** رووبەری چەرم بە گشتی چەورە، هەر بۆیە دەبێت چەورییەکەی کەم بکەنەوە؛ بەم مەبەستە ئەو پانتاییەی دەتانەوێت کاری لەسەر بکەن لەسەر چاکەتەکە دیاری بکەن، بە سمارتەی نەرم هەندێکی بەرسەردا بکێشن و بە کهول، چەورایی چەرمە بسڕنەوە، بە پێی پێویست ئەم کارانە دووپات کەنەوە. زەخەرە لێدان پێویست نییە، مەگەر پێویستیتان بە زەمینەیەکی سپی بێت ، کە دەتوانن جێسۆ پرایمەری سپی ئاکریلیک بەکار بێنن. زەمینەی سپی، نەخشەکان دەردەخات و درەوشاوەتری دەکات. ئەگەریش پێویستیتان بە زەمینەی رەنگینە، دەتوانن تێکەڵاوی جێسۆ پرایمەری بێرەنگ دەگەڵ رەنگی دڵخوازتان بەکار بێنن.

**هەڵبژاردنی رەنگ و شێوازی کار:** رەنگەکانی فینیتی و گالێریا هەرکیان باشن ، رەنگە پێشنیارکراوەکان بۆ هەر دوو گروپەکە، لە لاپەڕەی بەکارهێنانی رەنگەکان دا ، روون کراونەتەوە. رەنگەکانی مێتالیک فینیتی- ش باون. ئەگەر ویستتان رەنگەکە تراو بکەنەوە، لە یاد مەکەن مێدیۆم و ئاو بە یەکۆ بەکار بێنن.

**کاتی پێویست بۆ ویشبوونەوە:** لە ماوەی ۲۰ خولەک دا رەنگەکان ویشک دەبنەوە، بۆ ئەوەی دووبارە رەنگ دابنێنەوە، کاتی زیاتری پێویستە.

پاراستن: وەرنی لێدان پێویست ناکات، چونکە وەرنی چەرمەکە رەق و ویشک دەکات.

**کاغەزی ستێنسێل:**

**ئامادەکاری:** ئێوە دەتوانن ستێنسیلێکی ئامادە بەکار بێنن ، یان ستێنسیلی دڵخوازتان لە کاغەزێکی ئەستوور یان لەزگەیەک، ببرن .

**پێرستی پێداویستییەکان:**
سفەنج، رەنگەکانی فینیتی، فینیتی کۆنستانتریَ یان گالێریا.

**هەڵبژاردنی رەنگ و شێوازی کار:** رەنگەکانی فینیتی، فینیتی کۆنستانتریَ و گالێریا؛ گشتیان گونجاون. بەڵام فینیتی کۆنستانتریَ لەبەر ئەوەی رەنگ گەلێکی شلن، گونجاوترن. رەنگە پێشنیارکراوەکان ، لە لاپەڕەی بەکارهێنانی رەنگەکان دا ، روون کراونەتەوە. بۆ باشتر کۆنترۆل کردنی کارەکە لە فلچەی ستێنسێل یان سفەنج سوود وەرگرن، تەنیا کەمێک رەنگ بەسە، ئەگینا رەنگەکە دەچێتە ژێر لێواری ستێنسیلەکە. بە ئاسپایی رەنگەکە لە لێوارەکانەوە بەرەو ناوەندی رووبەری ستێنسێلەکە رابدەن، هەرگیز نابێت رەنگەکە لە ناوەندەوە بەرەو لێوارەکان لێبدەن.

**کاتی پێویست بۆ ویشکبوونەوە:** لە ماوەی ۲۰ خولەک دا رەنگەکان ویشک دەبنەوە، بۆ ئەوەی دووبارە رەنگ دابنێنەوە، کاتی زیاتری پێویستە.

پاراستن: بە پێی پێویست دەکرێت وەرنی بەکار بهێنن.

**پێرستی پێداویستییەکان:**
ئەیربراش، رەنگەکانی فینیتی یان فینیتی کۆنستانتریَ یان گالێریا، مێدیۆمی بریقەداری ئاکریلیک .



هەواڵنامەی کتێب

**مەکینەی ئەیربراش:**

**جۆری کەرستە:** گشت جۆرە رووبەرێک

**ئامادەکاری:** سەرەتا رەنگەکە هەندێک بە ئاو شل بکەنەوە تاوەکوو دڵنیا بن خەستییەکی گونجاوی بۆ ئەیربراش هەیە. سەبارەت بەو رووبەرانەی ئاو هەڵنامژن، یان ئەو رەنگانەی زۆر تراون، دەکرێت بە مێدیۆمی بریقەداری ئاکریلیک ، رەنگەکە شل کەنەوە.


**هەڵبژاردنی رەنگ و شێوازی کار:** رەنگەکانی فینیتی، فینیتی کۆنستانتریٔ و گالێریا؛ گشتیان گونجاون. بەڵام فینیتی کۆنستانتریٔ لەبەر ئەوەی رەنگ گەلێکی شلن، گونجاوترن. رەنگە پێشنیارکراوەکان ، لە لاپەڕەی بەکارهێنانی رەنگەکان دا ، روون کراونەتەوە. رەنگە مێتالیکییەکان بۆ ئەیربراش ناگونجێن. ئەگەر دەتانەوێت رەنگەکە شل بکەنەوە ، لە بیر مەکەن تێکەڵاوی مێدیۆم و ئاو بەکار بێنن. دەکرێت هێڵەکان بە یارمەتی ستێنسێل یان بێ کەرستە رەنگ بکەن. پاش تەواو بوونی بەشێک لە کارەکە، ئەیر براشەکە بە جووانی بشۆنەوە تا رەنگەکە لە ناو ئەیربراشدا نەگیرسێت.

**کاتی پێویست بۆ ویشکبوونەوە:** لە ماوەی ٢٠ خولەک دا رەنگەکان ویشک دەبنەوە، بۆ ئەوەی دووبارە رەنگ دابنێنەوە، کاتی زیاتری پێویستە.

پاراستن: بە پێی پێویست دەکرێت وەرنی بەکار بهێنن.

## وێنەکێشانەوە لەسەر رووبەری بەردینە، گەچینە یان رێزینی:

لەبەر ئەوەی رەنگە ئاکریلیکییەکان بە هەر جۆرە رووبەرێکەوە دەنووسێن، زۆربەی هونەرمەندانی پەیکەرسازان بۆ بەرهەمەکانیان بە کاریان دەهێنن.



**پێرستی پێداویستییەکان:**
سمارتە، تێلی قاپشتن، مێدیۆمی شلکەرەوەی ماتی ئاکریلیک، جێسۆ پرایمەری سپی ئاکریلیک، رەنگەکانی فینیتی یان گالێریا، وەرنی مۆبیلیات، فلچەی گالێریا.

**جۆری پەیکەرە:**
پەیکەرە ی گەچینە، چیمەنتۆ، بەردین یان رێزینی و بە گشتی هەر پەیکەرێک کە رووبەرەکەی چەور یان لووس نەبێت.



**ئامادەکاری:** بە ئاسپایی رووبەرە سافەکان سمارتە بکەن، ئەگەر رووبەرەکە رێزینییە، چەوریەکی کەم کەنەوە، ئەگەر بەردینە جووان بیشۆنەوە، ئەگەر رووبەرەکە گەچینە یان جۆرێکە ئاو هەڵدەمژێت؛ چینێکی مێدیۆمی



شلکەرەوەی ماتی ئاکریلیک لێ بدەن، ئەگەر دەتانەوێت زەمینەی سپیتان هەبێت، پاش ئەو قۆناغە ، لە جێسۆ پرایمەری سپی ئاکریلیک کەڵک وەرگرن.

**هەڵبژاردنی رەنگ و شێوازی کار:** رەنگەکانی فینیتی و گالێریا هەرکیان باشن، رەنگە پێشنیارکراوەکان بۆ هەر دوو گروپەکە، لە لاپەڕەی بەکارهێنانی رەنگەکان دا ، روون کراونەتەوە. ئەگەر ویستتان رەنگەکە تراو بکەنەوە، لە یاد مەکەن مێدیۆم و ئاو بە یەکۆ بەکار بێنن. رەنگەکانی مێتالیک فینیتی بۆ پەیکەرە باون. بۆ ئەوەی پەیکەرەیەک کۆن بنوێنێت، دەتوانن بەشێک لە بەرهەمەکە بە رەنگی بنەڕەتی وەک سووری ئۆکسیدی ئاسن یان سەوزی ئۆکسیدی کرۆم داپۆشن و دوواترکە ویشک بۆوە، بە رەنگی دڵخوازتان، رەنگی بکەن. بەکار هێنانی تێلی قاپشتن بۆ هەردوو حاڵەتەکە، دەبێتە هۆی ئەوەی بەرهەمە کۆنتر دەرکەوێت.

**کاتی پێویست بۆ ویشك بوونەوە:** لە ماوەی ٢٠ خولەک دا رەنگەکان ویشک دەبنەوە و پاش ٤٨ کاتژمێر دەکرێت کارەکە وەرنی لێ بدرێت.

**پاراستن:** ئەگەر وابڕیارە پەیکەرەکە لەبەر دەستدا بێت، دەتوانن لە وەرنی پۆلی یوریتان یان وەرنی مۆبیلیات کە تیایدا ئاو بەکار هاتووە، کەڵک وەرگرن . ئەگەر پەیکەرەکە لە شوێنی کراوە دائەنرێت؛ سوود لە وەرنی تایبەتی شوێنی کراوە وەرگرن .

**لە کوێ زانیاری هونەریمان دەست کەوێت؟**

لەو فرۆشگا ناسراوانە کە بەرهەمەکانی «وینزۆر و نیۆتن» دەفرۆشن؛ داوا بکەن خشتەی رەنگەکان و نامیلکەی زانیاریتان بێ بەرامبەر بخەنە بەردەست. هەروەها زنجیرە کتێبی کەلوپەلناسی لە چەشنی ئەم کتێبە لەبەر دەستن.

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم سایتانە بکەن :

uehttp://www.wniran.com



هەواڵنامەی کتێب

## چاپکراوەکانی وەرگێڕ

١- مێژووی سینەما- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- ٢٠٠٢

٢- دەربڕینی ئەندێشە لەموزیکدا- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- ٢٠٠٥

٣- ئامێری موزیکی کوردی- ئینستیوتی کەلەپوری کورد- ٢٠٠٧

٤- سیناریۆی کورتە فیلم- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- ٢٠٠٨

٥- کۆمەڵناسی و هونەری میوزیک- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- ٢٠١١

٦- پوختەی مێژووی هونەر- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- ٢٠١٩